## پێشەکی

لە هەموو کۆمەڵگایەکدا پەروەردە لەناو خێزان و قوتابخانە و تەنانەت لە دەرەوەش گرینگ و بایەخی خۆی هەیە .هەمیشـــە هەوڵی یەکەم بووە بۆ پەرپێدانی منداڵ. چونکە منداڵان نەوەی دوارۆژن.بۆ ئەوەی ببن بە کەسێکی سەرکەوتوو پێویستە پەروەردەیان باش بێت .پێویستە ئەم پرۆسـەیە لەگەڵ سـەردەم و قۆناغ گۆرانکاری بەسـەر دابێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاسـتی گەشـەو تێگەیشتنی منداڵ بگونجێت. هەموو کۆمەڵگاییەک ڕێگایی جیاواز دەگرنە بەر بۆ پەروەردەکردنی منداڵ.بەلام هەموو کۆمەڵگاکان کۆکن لەسـەر ئەوەی چیرۆک باشـترین ڕێگاییە بۆ پرۆسـەی پەروەردەکردن.ئەم ڕێگایە منداڵ هەم فێردەبێت و هەم چێژیشـی پێدەبەخشـێت.لە سـەردەمی ئێسـتادا لە زۆربەی کۆمەڵگاکان دایکان و باوکان چیرۆک بۆ منداڵەکانیان دەخوێنەوە بەتایبەتی پێش ئەوەی بخەون،منداڵانیش لەگەڵ چیرۆکە چێژبەخشـەکـان خەویـان لێ دەکەوێت.ئەم توێژینەوەی ئێمەش بەناوی (ڕەهەندە پەروەردەییەکانی چیرۆکی منداڵان لە پرۆگرامی خوێندندا بازنەی یەک بە نموونە)هەوڵێکە بۆ توێژینەوە لە پەروەردە و کاریگەری لەسەر منداڵ.

## سنووری توێژینەوە

توێژینەوەکەمـان تـایبەتە بە چیرۆکی کوردی، لەنـاو چیرۆکی کوردیش ،چیرۆکی پەرتووکی قوتابخانە بۆ پۆلی (چوار و پێنج و شـــەش)مان هەلبژاردووە.چونکە ئەم چیرۆکانە کاریگەریان لەسەر پەروەردەی منداڵ هەیە.

## هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە

بەهۆی ئەوەی لایەنی پەروەردە هۆکـارێکی سـەرەکییە بۆ گەشـەپێدانی منـداڵ لە هەموو لایەنکەوە.بۆ زانینی کاریگەری چیرۆک بەسەر منداڵ بەپێی سیستەمی پەروەردە .دروستکردنی تاکێکی سەرکەوتوو لەم ڕوانگەوە ،بۆیە بە پێویستمان زانی توێژینەوەی لەسەر بکەین.

## گرفتی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەمان لەچەند گرفتێک دەکۆڵێتەوە:سـەلماندنی کاریگەری چیرۆک لەسـەر ئاسـتی پەروەردە .لە ڕێگای ڕاپرسـیەوە ویسـتمان وەلامی ئەم پرسـیارانە وەربگرینەوە١. ئایا لە بابەتە ئەدەبییەکانی کتێبی زمـان و ئەدەبی کوردی لە ڕووی پەروەردەییەوە ڕازیت؟، ئـایا بـابەتە ئەدەبییەکان، بەتایبەت چیرۆکەکان لەگەڵ تەمەن و ژینگەی قوتابی دەگونجێت؟

**میتۆدی توێژینەوە**

میتۆدی توێژینەوەکەمان بریتییە لە وەسفی شیکاری، بەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە چەمکەکانمان ڕاڤە کردووە و وەســـف کردووە، پاشـــان دەقەکانمان لەناو کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی شیکردۆتەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوە**

پێکهـاتەی توێژینەوەکەمـان لە دوو بەش پێـک دێـت.بەشـــی یەکەم تیۆرییە لە دوو تەوەرەی ســەرەکی پێک دێت .هەر تەوەرەیەکیش لە دوو لق پێک دێت. بەگشــتی لەبەشــی یەکەم باس لە پەیوەندی نێوان چیرۆک و پرۆگرامی خوێندن دەکەین لە ڕێگایی ئامانج و گرینگ چیرۆک و پرۆگرامی خوێندن کاریگەریان لەسەر پرۆسەی پەروەردە.بەشی دووەمیش بەشێکی پراکتیکیەبە چوار تەوەرە ،گەشـــەکردنی لایەنی(خەیالی، بونیادی کەســـێیەتی ، زمان ، ڕۆشـــنبیریی) بە پراکتیکردنی کتێبی قوتابخانە (ڕێزمان و ئەدەبی کوردی ) کردووە.

**بەشی یەکەم:- سەرەتایەکی تیۆری لەبارەی چیرۆکی منداڵان و پرۆگرامی خوێندن**

**تەوەرەی یەکەم:- چیرۆکی منداڵان، بنەما و گرنگییەکەی**

1. **پێناسە و سەرهەڵدانی چیرۆکی منداڵان**

قۆناغی منداڵی یەکێکە لە قۆناغە هەرە کاریگەریەکانی ژیانی مرۆڤ .هەمیشـــە منداڵ بە بێ بیرکردنەوە کـار ئەنجـام دەدات ،تەنـانەت ئەگەر دایـک و بـاوکیشـــی ڕێگری لێ بکەن .بۆ جیاکردنەوەی شـــتی باش و خراپ، پەروەردەکردنی و دروســـت کردنی ئارامی دروونی منداڵ ، پەرتووک بەگشتی و چیرۆک بەتایبەتی باشترین ڕێگایە،زۆر جار منداڵ هەڵە دەکات دایکان و باوکان لە ڕێگایی چیرۆک هەوڵ دەدەن هەڵەکەی پێ ڕاســتبکەنەوە.بۆ ئەوەی دووبارە ئەنجامی نەدەنەوە. بۆیە منداڵان هەمیشــە حەز بە چیرۆک خوێندنەوەدەکەن ،وەک لای لایەی دایک وایە پێش خەوتن، بەهۆیەوە خەویان لێ دەکەوێت.هەر وەک (د.علی أكبر شـــیعاری) بەمشـــێوەیە پێناســـەی چیرۆکی منداڵانی کردووە و دەڵێت((چیرۆکی منداڵان بریتیە لە چۆنیەتی دەربرین و دەرخســـتنی هەســـت و ســـۆز و بیر بەهۆی وشـــەوە،لە شـــێوەی وێنەی جیاواز ،بەمەبەســـتی پێگەیاندنی و چێژ و خۆشـــی بەخشـــین بە منداڵ.))(ئیبراهیم،٢٠٢٣، ١٣٨) کەواتە دەقی چیرۆکی منداڵان ،دەقێکە گوزارشـــت لە دونیایی منداڵان دەکات، خەون و ئارەزووی تەواو وێنا دەکات . ئامانج لە چیرۆکی منداڵان هەم پەروەردەکردنە هەم فێرکردنە ، هەم دروســتکردنی کەســایەتی منداڵە.گێرانەوەی چیرۆک بۆ منداڵ پێویســـتی بە بەکارهێنانی زمانێکی ســـادەیە کە بتوانێت لێی تێبگات هیچ پرسیار لە مێشکیدا دروست نەکات. نەوەک بەکارهێنانی زمانێک کە بۆ گەورەکان گوترابێت.هەڵبەت چێژ خۆشـــییش ڕێگایەکە بۆ ئەوەی منداڵ زیاتر حەز بە چیرۆک بکات و هەمیشـــە چیرۆک بخوێنێتەوە یان بۆی بگێڕدرێتەوە.ڕەزا شـــوانیش بەم شـــێوەیە پێناســـەی چیرۆکی منـداڵانی کردووە((چیرۆک گرنگترین هۆکـاری پـەروەردەیـە، یـارمـەتییـەکی زۆری پێگـەیـانـدنی منـداڵان دەدات و ئـاســـۆیـەکی ڕۆشـــنبیری و زانیـاریی نوێیـان بۆ واڵا دەکات.))(شـــوان،٢٠١٦،ســـایتی مێژووی کورد)هەرچەندە بۆ پەروەردەکردنی منداڵان فاکتەر و ئامرازی زۆرمان هەیە . بەڵام ڕەنگە چیرۆک باشـــترین و ســـەرکەوو توترینیان بێت . چونکە چیرۆکی منداڵان مامەڵە لەگەڵ هەســـت و ســـۆزیان دەکات .بیرکردنەوەیان وێنا دەکات .بۆ پەروەردەکردنی منداڵ بەدروستی،کە بتوانێت لە داهاتوودا بچێتە ناو کۆمەڵگا و سـودی هەبێت ،ئەوا چیرۆک ڕێگایەکی گونجاوە ،بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت منداڵ فێری ڕێزگرتن بکەین ،ئەوا ئەو چیرۆکانەیان بۆ بگێردرێنەوە کـە باسی ڕێزگرتن دەکەن، وەک ڕێزگرتن لە دایک و باوک ، کەســـانی بەتەمەن،یان هاو تەمەنەکانیان، گێرانەوەی چیرۆکی خۆشـــویســـتنی ئاژەلان و ئازار نەدانیان،پاک ڕاگرتنی ماڵ و شوێنە گشتیەکان . ئەمانە و زۆری تر وا لە منداڵ دەکات سودیان لێ وەربگرێت ، کاری باش ئەنجام بدات و ڕێگری بکات لە شـــتە خراپەکان.لە کتێبی دیداری ئەدەبی منداڵان بەم شێوەیە پێناسەی چیرۆکی منداڵان کراوە،(( دەبێت بە زمانێکی سادە بخرێتە ڕوو کە منداڵ حەزی پێبکا و لێی تێبگا و حەزی خوێندنەوەی لا دروســـت ببێت،ئەمەش بەوە

دەکرێ کە بابەتەکان ســـەرنجی منداڵان ڕابکێشـــن و چێژی لێوەربگرن.))(کۆمەڵێک نووســـەر، ٣٧،٢٠٢٢)دەبینین لەم پێناسـەیەدا زیاتر لەسـەر لایەنی فۆرمی چیرۆکی منداڵان کار کراوە .وەک لەپێشـــتردا باســـمان کرد لایەنی ناوەڕۆکیش گرینگە ،وەک باســـکردن و پاک ڕاگرتنی ماڵ و شـــەقام ، و پاکوخاوێنی و دەیان بابەتی تر .ئەگەر ئەم بابەتانە بەفۆرمێکی تایبەتی و ســـادە دەرنەبڕێت ئەوا منداڵ لێیان تێناگات. زمانی ڕوون و ســـادە هەم دەبێتە تایبەتمەندی چیرۆکی منداڵان .هەم ئاســـانکاری بۆ تێگەیشـــتن دەکات. چەند ئەو زمانەی کە بۆ گێرانەوەی چیرۆک بەکاردەهێنرێت ڕەوان بێت، منداڵ زیاتر ئارەزوو بە چیرۆک دەکات.مرۆڤ لەتەمەنی منداڵیدا بیرکردنەوی و فەرهەنگی وشـــەی تا ڕادەیەک ســـنوردارە ناتوانێت لە هەموو جۆرە وشـــەیەک تێبگـات، بۆیە ئەو کـاتـانەی بەر وشـــەی نـامۆ دەکەوێت،کە پەیبردنی منـداڵ کەمێـک بۆی زەحمەتە،هەوڵبدرێت ئەو وشانە لە ڕێگایی مانایی وشەکەوە،یان وەسفکردنی بە ڕێگایەکی سادە بخرێتە ڕوو. هەندێک جاریش نەدرکاندنی وشـــەکە ئەگەر کاریگەی لەســـەر واتایی بابەتەکە نەبوو.ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە کە منداڵ فێری وشـەی نوێ نەبێت، وشـەکان نەناسـێت. بەڵکو تەنها ئەوەیە کە قۆناغی تەمەنی هێشـتا زووە بۆ ئاشـنا بوونی بە وشـە قورسـەکان .لەداهاتوودا بە پێی ئاستی گەشـەسـەندی، ئەم وشـە قورسـانەی لا دەبن بە وشـەیەکی سادە و ساکار.ڕازاو ڕەشـید صـابریش جیاواز پێناســەی چیرۆکی منداڵانی کردووە و دەڵێت((چیرۆک ڕۆڵی گرینگ دەگێرێت لە پەروەردەی کۆمەلایەتی منداڵ و دروسـتکردنی کەسـایەتیەکی دروست و جوان کە قـابیلی شـــــانـازیپێکردنی کۆمەڵ بێـت،توانـای خۆ گونجـانـدنی هەبێت لەگەل دەوروبەردا.)) (صـــابری،٧٩،٢٠١٠) گێرانەوەی چیرۆکە کۆمەڵایەتییەکان بۆ منداڵان ڕێگاییەکە بۆ ئەوەی منداڵ حەز بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەل خێزان، هاوڕێ و خزمان و دراوسێیان ببەستێت،ئاشنایی داب ونەریت و کلتوری کۆمەلگاکەی دەبێت،یارمەتی خەلک بدات ،بۆ نموونە گێرانەوەی چیرۆکی ئەو کەســـەی کە کوێرە یان خاوەن هەر پێداویســـتیەکی تایبەت بێت. کە دەیەوێت لە شـــەقام بپەڕێتەوە، منداڵێک یارمەتیی دەدا .ئەمەش وا لە منداڵەکانمان دەکات کە هەمان ئەم کارەی ئەو منداڵەی ناو چیرۆکەکە کردی ،بیکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ هەمیشـــە پەیوەندییە کۆمەلاییەتیەکان بپارێزێت. (کەمال عەبدولا)ش بەم شـــێوەیە پێناســـەی چیرۆکی منداڵانی کردووە،((چیرۆک بیروخەیـاڵی منـداڵ فراوان دەکـات و وای لێـدەکـات دنیـا بەجۆرێکی جوانتر ببینێت. ))(عەبدوڵا،٢٠٢١،ســـایتی پەیســـەر)بەهۆی ئەوەی منداڵ هەمیشـــە خاوەن دەروونێکی پاک و بێگەردە،بۆ ئەوەی دونیا بەجوانی ببینێت. چیرۆک ڕێگاییەکە کە هەمیشـــە هەســـت بە دڵخۆشـــی بکات،لە کاتی گێرانەوەی چیرۆک، منداڵ خەیالی ڕووداوەکان دەکات دونیایەک لە مێشکیدا دروست دەکات. بۆیە وا گونجاوە کە ئەو چیرۆکانەی کە هەستی ترس و دلە ڕاوکێ،یـان جۆرێـک لە نەخۆشـــی دەروونی دروســـت دەکەن نەگێردرێنەوە.بۆ نموونە گێرانەوەی چیرۆکێک کە باسی دارستان درکاوی و جەنجال و دەنگی گورگ دەکات وا لە منداڵ دەکات، لە کاتی تایکیدا بترسێت تەنانەت زۆر جار دەبێتە هۆی میز بەخۆ داکردن. لە پێناسـەیکی تردا ((چیرۆکی منداڵان ئەدەبێکە منداڵ فێری ڕەوشـــتی جوان و بەهاداری و ئادگاری پەســـەند دەکات،هەمیشـــە منداڵ بەرەو ڕێگایەکی ڕاســـت و دروســـت دەبات.))(ئیبراهم،٢٠٢٣، ١٤٧)

نیشـــاندانی ڕێگای ڕاســـت بە منداڵ، ناکرێت لە ڕێگای زمانێکی ڕەق و وشـــک بێت. وا لە منداڵ بکات بایەخ بە ئامۆژگاریەکە نەدات .بەلکو پێویســـتی بە بەکارهێنانی زمانێکە کە وا بکات منداڵ حەز بە گوێگرتنی بکات و بیر لەوە بکاتەوە کە هەڵەی کردووە.بۆ نموونە کاتێک منداڵ لە کاتی تاقیکردنەوەی قوتابخانە ناخوێنێت و پەنا بۆ کزی دەبات.کاتێک دایک و باوک بەمە دەزانن نابێت لێدان یاخود جنێو یان بێبەشکردنی منداڵ لە هەندێک شت سزای بدەن .چونکە ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی منداڵەکە هەڵەکەی ڕاست بکاتەوە ، بەلکو زیاتر پێداگر دەبێت و دوبارەی دەکاتەوە .بەڵام لە ڕێگـــای گێرانەوەی چیرۆکێـــک کە پەیوەنـــدی بەو بـــابەتەوە هەیە ،بـــاســـــکردنی دەرئەنجامەکەی وا لە منداڵ دەکات چیتر ئەو ڕێگا هەلەیە دووبارە نەکاتەوە. دەتوانیین بڵێن چیرۆک کۆنترین جۆری دەربرینی هونەری و ئەدەبیە ،هەر لە ســــەرەتـــایی ژیـــانی مرۆڤەوە هەبووە و هەیە.((ئەدەبی منداڵان لەو کاتەوە بوو کە داپیرەکان لە گوێی ئاگردانی شـــەوانی زســـتان دەســـتیان دەکردە گێرانەوەی چیرۆک و هەقایەتی ســـەرنجڕاکێشـــەر......،چونکەلە هەر جێیەک  دایک و منداڵی ئادەمی بووبێ ، ئەدەبی منداڵانیش پێویســتی بوەو هەبووە،بە چیرۆک و هەقایەت و لای لایە و گۆرانی و ئەفســانەو نوکتە و پێکەنینەوە.)) (صـــابر،٢٠٢٣،١٢-١٣) مرۆڤ لەسەرتایی ژیانیدا کاتێک دەچوونە ڕاو ، دیمەنێکی سەیر و سەمەرەیان بینیبا کاتێک دەچونەوە نـاو ئەشـــکەوتەکـان یـان مـاڵەوەیـان بۆ خێزان و منداڵەکـانیـان لەســــەر شـــێوەیی چیرۆک دەگێرایەوە.بەڵام نابێت ئەم خاڵەمان بیرچێت ، کە ئەو کاتە ئەو چیرۆکانە تایبەتمەند نەبوونە بە  منداڵانەوە ، واتە کاتێک کەســـەکە  لەڕاو گەڕاوەتەوە بەمەبەســـتی پەروەردە و پەند و ئـامۆژگـاری نـاو چیرۆک و ڕووداوانەی لەو ڕۆژەدا بەســـەری هـاتووە نەگێڕاوەتەوە بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی باسی ڕووداوەکانی کردووەکە منداڵەکان هەمیشە بە تامەزرۆیەوە گوێیان بۆ دەگرت.بەڵام ئە دەربرینە چیرۆکـانە هیچ بنەمـا و تـایبەتمەنـدیەکی چیرۆکی منـداڵانی تێدا نەبووە .بۆیە بە چیرۆکی منداڵان دانانرێت بەلام هۆکارێک بوون بو ســـەرهەلدانی چیرۆکی منداڵان.دواتر لە شـــەوانی زســـتان دووردرێژی شـــەو دایە گەورە بابە گەورە.کۆمەلێک منداڵ لێیان کۆدەبوونەوە،دەســـتیان دەکرد بە گێرانەوەی چیرۆک بە هەبوونەبوو دەســـتیان پێدەکرد. نموونە چیرۆکی گورگ و بزن،ڕێوی دز و....چەندانی تر کە منداڵانیان دەخســـتە پێکەنین و دڵ خۆشـــیان دەکردن.زۆربەی ئەو چیرۆکانەی کە دەیان گێرایەوە لە بنەڕەتدا چیرۆکێک بوون بو گەورەکان ،بەڵام بەهۆی ئەوەی زمانێکی ســادەو بە دەســتکارییکردن کە لەگەڵ توانایی منداڵان بگونجێت دەیان گێرایەوە.((شانازی مێژووی سەرهەڵدانی چیرۆکی منداڵان بۆ گەلێکی دیاریکراو نـاگەڕێتەوە، هەموو گەلانی دونیـا لە ڕێی ئەدەبی ســــەرزاریەوە،چیرۆکی منـداڵانیـان هەیە و شـــانازی بە فۆلکلۆر و کەلپوری ڕۆشـــنبیری خۆیان دەکەن.))(شـــوان ،٢٠١٨،ســـایتی مێژووی ئەدەبی منـداڵان) گێرانەوەی چیرۆک لە ســــەرەتـایی ژیـانی مرۆڤەوە بە شـــێوەیی زارەکیی بووە.  دەما و دەم و پشتا و پشت نەوە دوایی نەوە گێردراونەتەوە ، لە ئەنجام دا گۆرانی بەسەر داهاتووە و چیرۆکەکان کەم و زیادیان کردووە. بۆیە دیاریکردنی ســــەرەتایی ســـەرهەلدانی چیرۆک کارێکی زەحمەتە . بۆیە ئەم بەرهەمە فۆلکلۆریانە هەر نەتەوەیەک بە هی خۆی دەزانێت .بەڵام بە شێوەیەکی تۆمارکراو دەستنوس دەگەڕێنەوە بۆ وەلاتانی ئەوروپا.بە تایبەتی وەڵاتانی

فەرەنسا و ئینگلتەرا ، .بۆیە ئەوروپا بە سەرەتایی سەرهەلدانی چیرۆکی منداڵان دادەنرێت و گەشەی کردووە. لەسەرەتادا چیرۆکەکان سادە و ساکار بوون پشتیان بە داب و نەریتی و کلتور و ئاین بەستبوو ،ئەلکزاندەر هیجرەەی کراب دەڵێت:((هەقایەتی ئاژەڵ ،یەکێکە لە کۆنترین چیرۆک کە زانیوومانە.))(ئەحمەد،٢٠٠٧،٣٥)پاڵەوانی زۆربەی چیرۆکەکان لەسەرەتادا باڵندە ، ئەفسانە ،شتێکی خەیاڵی، ڕووەک بەگشتی و بەتایبەتی ئاژەک بوون. کە وەک مرۆڤ ڕۆلیان دەگێرا و قسەیان دەکرد و وەک مرۆڤ بیریان دەکردەوە چارەسەریان بۆ کێشەکان دادەنا.

### ٢. **گرنگی و ئامانجی چیرۆکی منداڵان**

خواردن گەدەو چیرۆکیش مێشکی منداڵ تێر دەکات.هەرچەند خواردن پێویست بێت بدرێت بەمنداڵ ئەوەندەش چیرۆک پێویستە بۆ مێشکی منداڵ. چیرۆکی منداڵان باشترین هۆکاری گەشەکردنی مێشک و ڕوانین و زمانی منداڵ دادەنرێت بە بەراورد بە جۆرەکانی تری ئەدەبی منداڵان.هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ ئەو گرینگیەی کە چیرۆکی منداڵان هەیەتی.((هۆش و هەست و دەروون و بەهرەو خەون و خولیاکانی منداڵ دەبزوێنێت.)) (شوان،٢٠١٦،سایتی گەلی کوردسات) گێرانەوەی چیرۆک بۆ منداڵان هۆکارێکە بۆ ئەوەی منداڵ ئارەزووی لا دروست ببێت بۆ ئەنجام دانی کاری باشە. بۆ نموونە ئەو چیرۆکانەی پالەوانەکانیان کەسێکی دەستپاک یان ڕاستگۆ یان چاونەترس و بەهێز یان جەنگاوەرەن ، منداڵ هەمیشە لەخەیاڵەکانی ،خۆی لە شوێنی ئەم پالەوانە دادەنێت،دەروونێکی ئارام و دڵخۆشی دەبێت.لەرێگایی ئەم چیرۆکە دەتوانێت جیهانێکی تایبەت بەخۆی دروست بکات و هەمیشە حەز بە کاری چاکە و ڕێگری بکات لە کاری خراپە.منداڵ ئەو وشانەی کە ناو خێزان فێر دەبێت ڕێژەیەکی کەمە ،بەڵام کاتێک چیرۆک بۆ دەگێردرێتەوە فێری وشەی نوێ دەبێت، ئامادە دەبێت بۆ قوتابخانە ،خوێندنی بۆ ئاسانتر دەبێت. ((هەندێ چیرۆک باسی ڕووداوێکی مێژوو ئەگێرێتەوە کە لە لای میللەت و لە یادیا پەیکەرێکی جێ هێشتوە.)) (ڕەسوڵ،١٩٧٠،١٩)گێرانەوەی مێژوو بۆ منداڵ، کارێکی زەحمەتە بەتایبەتی ئەگەر منداڵ نەچووبێتە قوتابخانە. منداڵ حەزی پێناکات. تەنانەت نایەوێت گوێش بۆ ئەم بابەتانە بگرێت.هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ ئەو زمانەی کە بەکاردێت کە تارادەیەک زمانێکی قورسە،منداڵ لێی تێناگات.بەلام گێرانەوەی مێژوو لەسەر شێوەی چیرۆک ڕازاندنەوەی وشەکان بەکارهێنانی ئێستاتیکا،دوورکەوتنەوە لە وشەی زەحمەت،منداڵ ئاشنای مێژووی گەل و جیهان و پیاوەگەوران و ئافرەتە ناودارەکان و تەنانەت کلتور و داب ونەریت و ئاینیش دەبێت و چێژی لێ وەردەگرێت،بە سەرنج و پەرۆشیەوە گوێی لێدەگرێت. گێرانەوەی ئەو چیرۆکانەی کە پالەوانەکانیان هەموو ڕێگا سەختەکان دەبڕن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ،منداڵ فێری متمانە بەخۆبوون دەکات. کە هەر جارێک تووشی کێشە ببێتەوە،بەهەمان شێوەی پاڵەوانی ناو چیرۆکەکان چارەسەر بۆ کێشەکانی بدۆزێتەوە،کەواتە متمانە بە خود یەکێکیترە لەو ئامانجانەی کە چیرۆکی منداڵان گرینگی پێدەدات. گوێگرتن لە چیرۆک بیرکردنەوەکانی منداڵ

دەوروژێنێت،((منداڵ دەبێت وا ڕابهێنرێت کە خۆی بیر بکاتەوە ،پرسیار بکات و هەر خۆشی وەلامەکان هەڵسەنگێنێت و بەراوردیان بکات و ئەو وەلامە هەڵبژێرێت ،کە لەگەڵ بیر و ئەندێشە و بۆچوونەکانی خۆیدا دەگونجێت.))(مستەفا،٤٥،٢٠١١)منداڵ لەنێو دونیایی چیرۆکدا دێت و دەچێت،پرسیار لەدوایی پرسیار لەمێشکدا دروست دەبێت.دەیەوێت وەڵامەکانی دەست بکەوێت.بۆ نموونە لەچیرۆکێکدا باسی دارستانێکی گەورە دەکات . منداڵ لەخۆی دەپرسێت دارستان چییە؟چی لەدارستان هەیە؟مرۆڤ دەتوانێت بچێت بۆ دارستان؟ یاخود مرۆڤ بۆ دەچێت بۆ دارستان.......هتد کۆمەڵێک پرسیاری تر ،کە ئەگەر خۆی وەلامەکانی نەدۆزیەوە دەپرسێت لە دەوروبەری، ئەو وەڵامانە وەردەگرێت کە لەگەل بیر و ئەندێشەی خۆی دەگونجێت،ئەمەش سەرەتایی ئاشنا بوونی منداڵە بە فەڵسەفە و فراونکردنی بیرکردنەوەکانی. ((چیرۆک  دەورێکی گرنگ و باڵا لەدروستکردنی پێکهاتەی کەسایەتی مرۆڤدا دەگێڕێت بەگشتی و بەتایبەت بۆمنداڵانیش.))(عەبدوڵا،٢٠١٢،سایتی پەیسەر) چیرۆک یەکێکە لە ڕێگاکانی دروستبوونی بناغەی مرۆڤ کە لە منداڵیەوە سەرچاوە دەگرێت.بۆیە هەڵبژاردنی چیرۆک بۆ منداڵ زۆر گرینگە ،هەلبژاردنی ئەو چیرۆکانەی کە باسی توندوتیژی دەکات ،منداڵ لە داهاتوودا کەسایەتیەکی دڵڕەق، توندوتیژ و بێ کەسایەتی لێ دەردەچێت،بە پێچەوانەش ڕاستە،بۆیە تەنها گێرانەوەی چیرۆک بۆ منداڵ گرینگ نییە، بەلکو ناوەرۆکی چیرۆکەکەش کە باس لە چی دەکات،  گرینگە.یەکێکی تر لە بایەخ و ئامانجی چیرۆکی منداڵان هونەری گوێگرتنە((چیرۆکی منداڵان یەکێکە لە هونەرە هەرە باشەکان کە منداڵ فێری هونەری گوێگرتن دەکات.))(کۆمەلێک نوسەر ،٢٨،٢٠٢٢) کاتێک کەسێک قسە دەکات پێویستە کەسانی تر گوێی لێ بگرن بەتایبەتی کاتێک کەسێکی گەورە قسە دەکات پێویستە منداڵ گوێی لێ بگرێت.گوێ لە ئامۆژگاریەکان و چیرۆکەکانیان بگرن ، نابێت قسەیان پێ ببڕن و پێویستە ڕێزیان لێ بگرن ، چیرۆک یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ئامانجی گوێگرتنی منداڵە لە بەسەرهات و ئامۆژگارییەکان. ((ئەکرێ ئامانجی چیرۆک ئاڕاستەکردن بێت بۆ فێرکردن و ئاشناکردنیان بەو بابەتانەی لەدواڕۆژدا منداڵ کەڵکی لێ وەردەگرێ ورێی نیشان دەدات کە بەربەست و ئاڵۆزیەکانی ژیان و ئەوانەی دێنە بەردەمی بە ئاسانی و بەجوانی و وورد مامەلەیان لەگەڵ بکات.))(ئالانی،٢٠٢١،سایتی دیبلۆماتیک)چیرۆک ئاشناکردنی منداڵە بە پرۆسی خوێندن،شێوازی نیشاندانی چۆنیەتی  جێبەجێکردنی ئەرکەکانی.سود وەرگرتن لە بابەتەکان بە پراکتیککردنیان.چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەل سەختی و ئالۆزی ژیان و کێشە و بەربەست سەرکەوتن بەسەریان دا. منداڵ ئاراستە بکات بە بینین و ڕوانینی ژیان بە شێوازێکی جوان.خۆشویستنی خێزان و هاوڕێی و ئاژەڵ مرۆڤ بەگشتی، و پاک ڕاگرتنی ماڵ و شوێنە گشتیەکان ،هاوکاری کردنی خەلک ، هەلسوکەوت کردن بەشێوازێکی جوان لەگەڵ هەمووان.

### ٣. بنەماکانی چیرۆکی منداڵان

هەروەک چۆن چیرۆکی گەوران لە کۆمەڵێک بنەما پێک دێت کە پێویستە نوسەر جێبەجێیان بکات ،چیرۆکی منداڵانیش بەهەمان شێوە لە کۆمەڵێک بنەما پێکدێت ئەگەر چی بنەماکان هەردوو چیرۆک لێک نزیکە بەلام لە هەمان کاتیشدا جیاوازیان هەیە.لە هەندێ لایەندا لەیەکتری جیاواز دەبن .گرینگترین بنەماکانی چیرۆکی منداڵا بریتیین لەمانەی خوارەو:-

#### ا. ناونیشان

ناونیشان بۆ گەوران لەوانەیەگرینگیەکی ئەوتۆی نەبێت .بەڵام بۆ منداڵان ناونیشان کاریگەری و گرینگی خۆی هەیە ، ڕەنگە ناونیشانێک وابکات منداڵ زیاتر حەز بەخوێندنەوەی چیرۆک بکات ، یانیش بە پێچەوانەوە ناونیشانێک وا لە منداڵ بکات هەرگیز چیرۆکەکە نەخوێنێتەوە . ئەو ناونیشانەی کە بۆ منداڵ هەڵدەبژێردرێت پێویستە لەگەڵ ئاستی گەشەکردنی گونجاو بێت ، لەناو واقیعی ژیانی منداڵ دا هەبێت . ناونیشانەکان کورت و سەنجراکێشەر بن بۆ نموونە (کوڕێکی ڕاستگۆ ، منداڵێکی دانا ، کەروێشکی وریا.....هتد.) پێویستە ناونیشان گوزارشت لە ناوەڕۆکی چیرۆکە بکات ، نەک ناوەڕۆک باس شتانێک بکات ، و ناونیشانیش شتێکی تر بێت .

#### ب. بابەت

هەموو چیرۆکێک لەسەر بنەمای بابەت دادەمەزرێت.واتا دەبێت ڕووداوەکان لەبارەی بابەتێکەوە بن،بەتایبەت مەبەست لێی پەروەردەیی بێت(( بابەت پارچەیەک خەیاڵە کە بیرۆکە داگیر دەکات یان هەڵوێستی نوسەرەکەیە بەرامبەر سروشتی مرۆڤ . ))(ڕابەر،٢٠٠٩،سایتی دەنگەکان)کاتێک پرسیار لە منداڵ دەکەی کە حەز بە چ جۆرە چیرۆکێک دەکات؟ڕەنگە منداڵ لە ڕوانگەی بابەتەوە وەلام بداتەوە کە حەز بە چ جۆرێکی بابەت(تراژیدیا، کۆمیدیا،ئامۆژگاری ، ئاینی،خەیالی، ئەفسانەیی،پەروەردەیی......هتد)دەکات.هەلبژاردن بابەت ،هەلبژاردنی کەسایەتی منداڵە لە داهاتوودا.بۆیە گونجاو نییە هەموو جۆرە چیرۆکێک بۆ منداڵان بگێردرێتەوە بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی باسی (فێلبازی ، درۆکردن،دزیکردن، دێوەزمە........هتد.) دەکات یاخود ئەو چیرۆکانەی کە کۆتایەکەی دڵ تەزێنی هەیە بەتایبەتی بۆ ئەو منداڵانەی هێشتا نەچوونەتە قوتابخانە.چونکە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر منداڵ دەبێت،توشی جۆرێک لە ترس و خەمۆکی و خەمباریی دەبن.تادەکرێت ئەو زمانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ گەیاندنی بابەتەکە سادەبێت بەتایبەتی بۆ ئەو منداڵانەی کە هێشتا نەچوونەتە قوتابخانە ،لەبەر ئەوەی منداڵ بەسادەیی بیر دەکاتەوە،تەنها ئەو وشانەی گوێ لێبووە کە لەناو خێزان بەکاردەهێنرێت .بۆ نموونە گێرانەوەی چیرۆکی ڕێوی فێل باز،منداڵ تەنها ئەوە دەزانێت کە ڕێوی گیاندارە و گۆشت دەخوات مانای

وشەی فێلباز نازانێت.تابکرێت بابەتەکە لە ڕاستیەوە نزیک بن،چونکە  منداڵ بیرکردنەوەیان زۆر بەهێزە((منداڵان کەیاری دەکەن لەبەر خۆیاندا قســـە لەگەل کەلەوپەلەکانی دەوروبەریان دەکەن دەست دەکەن بە گفتوگۆ و قسـەکردن،دەکەونە ئەندێشـەیەکی قووڵەوە.))(صـابر،٢٠١٠،٨٥)منداڵ کاتێک یاری بە کەلوپەلەکانی دەکات ،بەشـــێوەیەکی ڕاســـتەقینە مامەلەیان لەگەل دەکات، بوکەلەکـانیـان یـاری پێ دەکەن، لای لایەی بۆ دەکەن، زۆر گفتوگۆی لەگەل دەکەن، لەبری بوکەلەکەش وەلامی پرســـیارەکانی خۆیان دەدەنەوە کە لە بووکەلەکانیان دەکەن ،ئەم دیاردەیە تەنـانەت لەو منـدلانەش دا هەیە کە هێشـــتـا زمـان نەیـان گرتووە کە بەبێ بووکەلەکـانیـان ناخەون،کاتێک شـــیر دەخۆنەوە دەیدەن بە بووکەکانیشـــیان .یاخود کاتێک یاری بە ئۆتۆمبێل دەکەن وەک چۆن لەڕێگاکـانـدا ترافیـک ، بەرز و نزمی و پێچـانەوە و تونێل.....هەیە لە یـاری کردنی خۆیندا هەمان شت دەکەن.بۆیە منداڵ لە ساتانەدا حەز بە گێرانەوەی چیرۆکی ڕاستەقینە دەکەن.منداڵ بێزار دەبێت لە گێرانەوەی چیرۆکی تەلەکەبازی و جنۆکە و تارمایی.....هتد.چونکە هەر وەک پێشتر باسمان کرد منداڵ توشی ترس و خەمباری دەبێت. بۆ نوسەر گونجاو نییە بە پێی ئەو جیهـان بینیەی کە خۆی تێیـدایە چیرۆک بنوســـێت، چونکە جیهـانی گەورەکـان و نوســـەرەکان جەنجاڵ و ســـەخت و زۆر جار ناگەشـــبینین بەرامبەر بە دونیا و کۆســـپ و کێشـــەکان.بەلام جیهانی منداڵان تا بلێی ســـادەیە،بێئاگان لەو  ســـەختیەی کە لە جیهانەی لە گەورەکاندا هەیە. ناتوانن چیرۆکی گەوران لێ تێبگەن یان بیخوێنەوە.بۆیە نوســـەر دەبێت تەواو ئەزموونی لە لە ژیانی منداڵ و چیرۆکی منداڵان بێت بە پێی ئاســـتی گەشـــەیان چیرۆکیان بۆ بنوســـێت. لە هەمان کاتیشـــدا چیرۆکی منداڵان لەڕووی بابەتەوە یەک ئامانج بگەینێت نەک کۆمەلێک ئامانج ،چونکە منداڵ ناتوانێت سودیان لێ وەربگرێت بۆ نموونە چیرۆکی دەست پاکی کاتێک قوتابیەکە قەلەمەکە دەدۆزێتەوە دەیداتە مامۆســـتا، بۆخۆی نابات ئامانجی ئەم چیرۆکە ئەوەیا کە ناکرێت هەرشتێکت دۆزیەوە بۆخۆتی ببەی بەلکو دەبێت بە دوایی خاوەنەکی بگەڕێت .بەلام ئەگەر باسی دەست پاکی و ڕاستگۆیی و وەفاداری بۆ منداڵ بکرێت لەیەک کاتدا ، ڕەنگە لێی بشـــێوێت و نەتوانێت ســـودی لێ وەربگرێت .چونکە چیرۆک دەبێت ســـودی بۆ منداڵان هەبێت.منداڵ وانەیەکی لێ فێرببێت.

**ت. ڕووداو**

ڕووداو توخمێکی ســـەرەکییە لە گێرانەوە بەگشـــتی و چیرۆکی منـداڵان بەتـایبەتی .کەواتە ڕووداو((کۆمەڵە کـارێکە کـارەکتەر ئەنجـامیـان دەدات،بە هـاوکـاری کەســـانێـک و ڕکـابەری کەســـانێکی دیکە،لە بارودۆخێکی ئاســـایی و نائاســـایی ڕوودەدات.))(ســـەعید،٢٠١٣،٩١) هەر لە ســـەرەتـایی ڕووداوەکانی نـاو چیرۆک منداڵ حەز دەکات بزانێت دواتر چی ڕوودەدات ، و ڕووداوەکان بەرەو کوێ دەڕۆن .کۆتایی ڕووداوەکان چۆن دەبێت.ئەمە نیشـــانەی ئەوەیە کە منداڵ تێکەڵ بە ڕووداوەکان بووە،داوا لە گێڕەرەوە دەکات خێرا بۆی بگێڕێتەوە یان خۆی خێرا

چیرۆکەکە بخوێنتەوە بۆ  ئەوەی بزانێت کۆتاییەکەی چی ڕوودەدات . حەز ناکات بەشـــێکی چیرۆکەکە لە کـاتێکی دیکەدا بخوێنێتەوە .بۆ نموونە چیرۆکی (کچە بەفرینە)منـداڵ  کە دەیخوێنێتەوە یان بۆی دەگێردرێتەوە دەیەوێت بزانێت ئایا ئەو ســـێوەی کە پیرەژنەکە پێی دەدات دەیخوات، یـان ئـایـا لەو خەوە درێژە کچە بەفرینە ڕزگـاری دەبێت.ئەمـانە کۆمەڵێک ڕووداون کە بەدوایی یەکتری دادێن.منـداڵ چێژیـان لێ وەردەگرێـت.((وەکو دەزانین چەنـد کـارەکـتەر زۆر بـێـت لە چـیـرۆکـدا،دەبـێـتە هـۆی ئەوەی ژمـارەی ڕووداویـش زۆر بێت.))(قاسم،٢٠١٥،٧٠)ژمارەی ڕووداو بۆ منداڵان بەتایبەتی تەمەنی ٣-٩ گونجاو نییە زۆر بێت .چونکە منداڵ ناتوانێت بەیەک جار لە کۆمەڵێک ڕووداو تێبگات، ڕووداوەکانیش بە پێی تەمەنیان گۆڕانیان بەسەر دادێت چونکە ناکرێت هەموو جۆرە چیرۆکێک بە منداڵان بگێڕدرێتەوە بەتایبەتی لەتەمەنی ٣-٦ ،گێڕانەوەی چیرۆکی تارمایی و دێو درنج ،......هتد بەتایبەتی لە شـــەوانی تاریک، کاریگەری لەسـەر دەروونی دەبێت.توشـی جۆرێک لە نەخۆشـی دەروونی دەبێت.ڕووداوەکانیش لە دوایی یەک بێن (سەرەتا،ناوەڕاست،کۆتایی)هەوڵبدرێت بەشێوەیی زنجیرەی بگێردرێتەوە،نەک (کۆتایی یان ناوەڕاسـت ئینجا بگرێنەوە سـەرەتا)ئەمە بۆ گەوران تەواو گونجاوە و لێ تێدەگەن .بەڵام منداڵان لەم شـێوازە تێناگەن هەروا دەزانن ئەو کۆتاییەی کەسـەرەتا بۆیان دەگێردرێتەوە هەر ســـەرەتاییە، دواتر لێیان تێکەڵ دەبێت و پێیان ســـەیرە کارەکتەرەکە ســـەرەتا گەورە بوو چۆن ئـاوا لە کۆتـاییەکەی بچووک بۆتەوە، بۆیە وا گونجـاوە کـارەکتەر کەم بن بۆ ئەوەی ڕووداوەکان کەم بن، لەهەمان کاتیشـــدا ڕووداوەکان ســـادە بن و نزیک بێت لە ژیانی واقیحی منداڵان . هەڵبدرێت چیرۆکەکان لەو شتانە نزیک بن کە منداڵ حەزیان پێدەکات، کارەکتەرەکانیش ئاژەڵ(کەروێشـک،مەڕ،جوجەلە،سـمۆرە....هتد) بەڵام لەتەمەنی ٩-١٥ توانایی تێگەیشـتنیان زۆر زیاتر و ئاســاییە ڕووداوەکان خەیالی و ئالۆزبن،کارەکتەرەکان نامۆبن، ڕووداوەکان زۆر بن و چیرۆکەکـان درێژبن چونکە توانـایی خوێنـدنەوەیـان هەیە،خەیـال و بیرکردنەویـان بەرفراوانترە،حەزیان بە ســـەرکێشــیە،خۆیان  لە ئاســتی گەوران دادەنێن، ئازدیان زیاترە،بۆیە ئاساییە کە حەز بەچیرۆکی سادە نەکەن.

**ث. گەلاڵە (پلۆت)**

هەموو چیرۆکێک بە چیرۆکی منداڵانیشـەوە،سـەرەتاییەک هەیە کە زۆر سـادەو سـاکارە، سـەرنج ڕاکێشـەرە، یەک لەدوایی یەک کارەکتەر و پاڵەوان شـوێنەکان کاتی ڕووداوەکانت پێ دەناسـێنێ .لەگەڵ جولاندنی کارەکتەر ، کێشـــە و بەربەســـت دروســـت دەبێت حەزی کارەکتەر بۆ زانینی نهێنیەکان و دۆزینەوەی چارەسـەرکردنی کێشـەکان بە هەوڵدانێکی زۆر، گەیشـتن بەخۆشـی یان ناخۆشی کارەکتەر کۆتایی پێدێت. ئینجا تادەکرێت ئەو چیرۆکانەی کە کۆتاییەکی دڵخۆشکەریان هەیە بۆ منداڵان بەتایبەتی تەمەنی ٣-٩ســالی بگێردرێتەوە،چونکە کۆتایی خەمناک دەبێتە هۆی گریانی منداڵ و بێ ئومێدی و بەگشــتی بەتایبەتی گرێی دەروونی لە دەروونی منداڵ دروســت

دەبێت بەلام لەتەمەنی ٩ سالی بەدواوە زیاتر لە شتەکان تێدەگەن ڕەنگە بە لایانەوە ئاسایی بێت ئەگەر چیرۆکەکە کۆتایەکی خەمناکی هەبێت .ئەمە پێی دەلێن گەلالە و بەشێوەیەکی گشتی گەلالە لە (سەرەتا ، ناوەڕاست، کۆتایی) پێکدێت.بەبێ ئەمە چیرۆک بەگشتی چیرۆکی منداڵان کەم و کورتی تێدەکەوێت، چیرۆکەکە ئامانجەکەی ناپێکێت.گەلالە((پێویستە بارودۆخێکی سەرەتایی هەبێت.گۆڕانێک ڕوودات.کەبەجۆرە گەڕانەوەیەک یا هەڵگەڕانەوەیەکی بارودۆخەکە پەلبکێشێت وگرێکردنەوەیەک بێتە کایەوە.))(کالەر،١٩٣،٢٠٢٠)کاتێک چیرۆکێک بەبێ سەرەتا واتا لە ناوەڕاست لەناو هەموو ئالۆزیەکاندا منداڵ باسدەکرێت،. تووشی گومان دەبێت کە ئاخۆ ئەم کێشانە چۆن دروست بوون، چی ڕوویدا تا ئەم کێشانە دروستت بن.بۆ نموونە هەمان چیرۆکی پێشتر (کچە بەفرینە) وەربگرین ئەگەر سەرەتاییەکەی نەگێرینەوە بەلکو لەو کاتەی کە کچە بەفرینە سێوەکە لە پیرەژنەکە وەردەگرێت و دەخوات لەهۆش خۆی دەچێت. منداڵ بەلایەوە سەیرە ئەم سێوە لە کوێ هاتوە بۆچی کە دەیخوات لەهۆش خۆی دەچێت چۆن کچە بەفرینە کەوتۆتە دارستان ،چۆن کورتە باڵەکانی ناسی. ئەمان و کۆمەلێک پرسیاری تر لەلای منداڵ دروست دەبێت،ناتوانێت لێیان تێبگات، بەهەمان شێوە بۆ ناوەڕاست و کۆتایش.لێرە چیرۆک هیچ ئامانجێکی ناپێکێ لە هیچ لایەنیەکیەوە.بەهۆی ئەوەی منداڵان بەسادەیی بیردەکەنەوە،بەسادەیی لە ژیان دەڕوانن ،بۆیە پێویستە چیرۆکەکانیش گەلالە سادە بێت لەگەل ئاستی مێشک و بیرکردنەوەی دا بگونجێت.کەمترین کەمووکورتی تێدا بێت.بۆ ئەوەی بتوانرێت ئامانجێک لای منداڵ بەجێبهێڵدرێت،سودی لێ وەربگرێت.

**ج. شوێن**

مرۆڤ لە هەر شوێنێک لەدایک ببێت، جۆرە خۆشەویستیەکی تایبەت بەم شوێنەی دەبەستێتەوە،بەتایبەتی بۆ منداڵ کۆمەلێک یادگاری دەبێت لەگەل هاوڕێکانی لە کۆلان ، شەقام ، قوتابخانە ، دوکانی شیرینی......هتد.یاری جۆراو جۆر ، وانە خوێندن بە کۆمەڵ ، چوون بۆ خوێندگا ، کرینی شیرینی......هتد کۆمەلێک یادگاری بەجێدەهێلێت لای منداڵ،چێژی لێوەردەگرێت،لەگەل خەیاڵەکانی تێکەڵ دەبێت.لەچیرۆکی منداڵانیش شوێن پێگەیەکی گرینگی هەیە، چونکە بۆ ئەوەی ڕووداو ڕووبدات پێویستە شوێنێک هەبێت . ((ئەو شوێنەی کە لە چیرۆکی منداڵان هەڵدەبژێردرێت ، دەبێ لەگەڵ ئەم واقیع و ڕاستی بگونجێت،و ڕاستەقینە بن و بە ڕاستگۆییانە باسیان لێوە بکرێ.))(صبری،١٠٦،٢٠١٠)شوێنی ناو چیرۆک هەمان ئەو شوێنە نییە کە لە واقیعدا هەیە.چونکە شوێنی ڕاستەقینە لە واقیعدا هەیە و ڕووداوی تێدا ڕوودەدات .بەلام شوێنی چیرۆک تەنها گێرانەوەیەکە و لە واقیع وەرگیراوە.ئەو شوێنانەی کە لە چیرۆکی منداڵاندا زیاتر باس دەکرێن بریتین لە (دارستان ، شاری یاری ، لادێ ، باخچەی ئاژەلان ، کۆلان........هتد)پێویستە ئەو شوێنانەی کە بۆ منداڵ لە چیرۆکدا باس دەکرێن لەگەل تەمەنیان گونجاو بێت، ئاشنایەتیەکیان لەگەڵدا هەبێت. لەگەڵ ئارەزووەکانیان گونجاو بێت.مندال لە کاتی

گویَ لیَ بوونی بەو چیرۆکانەی کە شـــوێنەکانی نامۆن ناتوانێت وێنایان بکات.بۆنموونە ئەو چیرۆکانەی باسی قاوەخانە، گرتووخانە ، فەرمانگە ، مەیخانە ......هتد دەکات،ئاشناکردنیان بە منداڵان گونجاو نییە .بەڵکو بە پێی برینی قۆناغەکانی ژیانی ئەم شوێنانە بناسێت . کاتێک باسی فەرمانگە دەکرێت منداڵ ناتوانێت وێنایی بکات لە خەیالەکانی دا ، پرسـیار لەلا دروسـت دەبێت کە ئاخۆ دەبێت فەرمانگە چۆن بێت لە کوێیە. چی تێدایە. بەتایبەتی منداڵانی ٣-٨ ســاڵ .ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژینگەیەیی کە تێیدا گەورە ببوە ، لەناو خێزاندا کەمتر ئەو وشـــانەی بۆ بەکاردەهێنن و لە قوتابخانەش بەتایبەتی لەســەرەتایی قۆناغەکان کەمتر ناوی ئەم شــوێنانەی گویَ لیَ دەبێت . بەڵام بە پێی برینی قۆناغەکانی قوتابخانە و لەناو خێزانیشــدا بۆ ناسـینی ئەم شـــوێنانە زۆر جار باســـدەکرێن . منداڵ ئاشـــنایەتیەکی باشـــیان لیَ پەیدا دەکات . لەناو چیرۆکەکانیش بە ئاســـایی باســـدەکرێت ، بۆ نموونە تاوانبار دەچێت بۆ گرتووخانە بەهۆی تاوانەکانی . منداڵی لە تەمەنی ٩ساڵی دا پێویستە ــەوە بزانێت کە هەر تاوانێک سزایەکی هەیە . دەچێتە گرتووخانە ، بۆ ئەوەی ســــزاکەی وەربگرێت . منداڵ ئەوکات دوور دەکەوێتەوەت لە کاری نەگونجاو . یاخود قوتابخانە ئەو شوێنە کە منداڵ تێیدا پەروەردە و فێر دەبێت.گێرانەوەی ئەم شـــوێنە لەســـــەر شـــێوەی چیرۆک منداڵ بە حەزەوە خۆی ئامادە دەکات بۆ قوتابخانە ئەرکەکانی خۆی جێبەجیَ دەکات . ئەمەش ســـودێکی تری چیرۆکی منداڵانە کە ئاشـــنا کردنی شوێنە بە منداڵ .

**ح. کات**

کات وەکو هەموو بنەماکانی تری چیرۆکی منداڵان ، گرینگی خۆی هەیە ، پیویســـتە لە چیرۆکدا باســی لێوە بکرێت. کاتیش بەگشــتی لە (ڕابروو، ئێســتا ، داهاتوو ) پێک دێت. کاتی چیرۆک بۆ منداڵ جیاوازە .چونکە لەتەمەنی ٣-٦ســاڵی دا کەمتر ئاشـنایی کاتن ، زانیاری کەمیان لەســەری هەیە.داپیرە و باپیرەکانمان کاتێک لەبەر ئاگرداندا چیرۆکیان بۆ دەخوێندینەوە . ســـــەرەتاکەی دەســــتیان پیَ دەکرد بە (هەبوو نەبوو ، لەدێر زمانەوە ، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو........هتد). لێرەشــــدا زانیاری تەواو دەربارەی کات نەخراوەتە ڕوو کە ئاخۆ مەبەســـــت لە هەریەک لەم دەســـتەواژانە چ کاتێکی ڕابردوون، دواتر منداڵ ئاشـــنایی کاتی شـــەو، ڕوژ بەیانی ، دوێنیَ، ......دەبێت بە پێی گەورەبوونی کاتەکانی لەلا ئاشـنـاتر دەبن.بە پێی قۆناغەکان منداڵ دەزانێت کە چیرۆک بە بیَ کات نابێت. لە چیرۆکی منداڵان دا کات لە کاتژمێرک تا وەرزەکان و ســـــاڵ دەڕوات، بۆیە پێویســــتە دانەری چیرۆکی منداڵ ئاگاداری گۆرانکاریەکان بێت ، چونکە ناکرێت چەند سالێک باس بکرێت لە چیرۆکدا کارەکتەر و شوێن و بابەت وەکو خۆیان بن .

**خ. کارەکتەر**

بە بێ کارەکتەر هیچ بنەماکانی تر چیرۆکی منداڵان بوونیان نابێت .کارەکتەر شـــوێن و کات ڕووداو دیاری دەکات . پەیوەندیەکی بەتینی لەگەڵیان دا هەیە. کارەکتەر بەگشـــتی  دوو جۆری هەیە (کارەکتەری سـەرەکی ، کارەکتەری لاوەکی) .کارەکتەری سـەرەکی لە سـەرەتایی چیرۆک تا کۆتایی ڕۆڵ دەبینێت بەشـداری لە ڕوووداوەکان . بەڵام کارەکتەری لاوەکی تەنها لەبەشـێکی چیرۆکەکەکەدا  ڕۆڵ دەبینێت .  سـەبارەت بە کارەکتەری چیرۆکی منداڵان زیاتر (منداڵ، شـتی بێگیان وەکو ئۆتۆمبێل بوکەڵە ، تەنانەت ڕووەکیش وەکو گوڵ و درەخت،بەتایبەتی گیانداران .....هتد). واتا لێرەدا((گیانـدار و بـاڵنـدە دەبنە کـارەکتەر و ڕۆڵ و ئەرکی خۆیـان دەبین لەنێو بەســـەرهات و ڕووداوەکاندا ، بەزۆریش ئەو گیاندارانەی کە ڕۆژانە دەبینرێن ، وەک(بزن و مەرو مانگا.......هتد.کە هەریەکەیان بە گوێرەی پێویســـت ڕۆڵی خۆیان دەبینن و بەدیار دەکەون ،ئەو ڕووداو و بەســـەرهاتانەی کە لە ڕێگایی ئەمانەوە نمایش دەکرێن ســـەرچاوەی لەواقیعەوە وەرگیراوە))(محمد،٢٠١٥،٥١)ئەو ڕۆڵەی کە دەردرێت بە کارەکتەر بۆ چیرۆکی منداڵان پێویستە گەشـبین و پر وزە بێت و قســـەکانی پەند و ئامۆژگاری لە خۆ هەڵبگرێت.هەمیشـــە کارەکتەری چاکەکارەکە  لایەنی ڕاسـتی بەسـەر کارەکتەری پر لە ئاژاوە و خراپە سـەربکەوێت، واتا منداڵ فێری ڕاستگۆیی و چاکەکاری و ئازا بکات . چونکە منداڵ چاو لە  کارەکتەر  دەکات و دەیەوێت وەکو ئەوان هەلسوکەوت بکات ، وەکو ئەوان بێت.

**د. وێنە و ڕەنگ**

وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ یەکێکە لەو هۆکارانەی کە منداڵ ئارەزووی زۆریان بۆ هەیە بەتایبەتی منداڵانی (٣-٦)ســـاڵی.هەندێک جار ئەوەندە حەز بە وێنە دەکەن کەمتر دەیانەوێت گوێبگرن لە چیرۆک ، (هەندێ چیرۆکی ئامێزی منداڵان بەســـیەتی تەنها پشـــت بە کۆمەڵێک وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ و قشـــەنگ ببەســـتێت ، بەمەرجێک وێنەکان بتوانن گوزارشـــتی تەواو  لە  ڕووداوەکانی چیرۆک چیرۆکەکە بکەن.))(صـبری،٢٠١٠،١٢١)هەندێک چیرۆک هەن تەنها وێنەی ڕەنگاو ڕەنگن واتا لە ڕێگایی وێنە چیرۆکەکە مەبەستەکەی دەپێکێت.هەندێک جاریش  نوسین و وێنە بەشێکن لە چیرۆکەکە بە هەردوو ڕێگا گێرانەوەکە ئەنجام دەدرێت . گرینگ ئەوەیە لەگەڵ توانایی منداڵ گونجاو بێت و وێنەکان شـــیاو بن و ئەو ڕەنگانەی کە بەکاردەهێنرێت بۆ وێنەکان واقیحی بن. واتا گژوگیا ســـەوزە لە وێنەکانیش گژوگیا ســـەوز بێت نەک ڕەنێگی تر ، ئەو کات چیرۆکەکە زیاتر واقیح دەبێت و زیاتر ئامانجەکانی دەپێکیت.هەروەها نوســـینی ناونیشـــان و ناوەڕۆک بە بچوکی منداڵ ناتوانێت بیخوێنێتەوە و هەســـت بە بێزاری دەکات ، ناتوانێت لە مەبەســـتی چیرۆکەکە بکات.باشـــترین فۆنتی نوســـینیش قەبارەی گەورەیە ،منداڵ دەتوانێت لێ تێبگات ، چیرۆکیش ئامانجی خۆی دەپێکێ.

**تەوەرەی دووەم:-گرنگی ئەدەب لە پرۆگرامی خوێندندا**

**١. پێناسە و گرنگی پرۆگرامی خوێندن**

سـەرەتایی چوونە قوتابخانە ، سـەرەتایی چونە ناو ژیانێکی جیاواز و سـەرەتایی فراوانکردنی بیرۆکەکانە لەلای منداڵ.منداڵ ئیتر ئەرکی دەکەوێتە سەرشان . کاتی یاریکردنی کەمتر دەبێت،لە قوتابخانە منداڵ هاورێکانی یان منداڵەکانی تر بە شێوازێکی تر دەناسێ ،کە جیاواز لەو شێوازی لە کۆڵانەکان دەیان ناسـێت.یەکەم هەنگاوی چوونە قوتابخانەی یەکەم هەنگاوی بنیادنانی داهاتووە لە (پیشـە، بیرکردنەوە،رەوشـت....)لای منداڵ.بۆیە پێویسـتە پرۆگرامی خوێندن زۆر بە وریاییەوە دابنرێت بۆ قۆناغی سـەرەتایی.بە پێی گۆرانی بارو دۆخ و سـەردەم پرۆگرامی خوێندن گۆرانکاری بەسـەردایێت ،پێویسـتە لەگەل قۆناغ و ئاسـتی تێگەیشـتنی قوتابیان گونجاو بێت.واتا ئەو پرۆگرامەی کە لە سەدەی رابردوو بەکاردەهات ئێستا بەکارنایەت ، بەهۆی گۆرانی باردۆخ و کتێب،بەگشتی پێشکەوتن و تێگەیشتنی خەلک لە پرۆسەی پەروەردە .بۆیە دەتوانیین بلێین، ((پرۆگرامی خوێندن بریتییەلەکتێبی چاپکراوی خوێندن،کتێبەکان لەلایەنلێژنەیەکی پسپۆری تایبەت بە کایە و بابەتە جۆراوجۆرەکانی خوێندن، بەپێی قۆناغەجیاوازەکان ئامادەکراون،واتە هەرقـۆنـاغەوکـتـێـبـی تـایـبەت بەخـۆی لەرووی نـاوەرۆک ودیـزایـنـی دەرەوە بۆ ئامادەکراوە.))(قادر،٢٠١٦،٤١)هەر قۆناغێکی خوێندن پێک دێت لە کۆمەلێک کتێب لە بابەتە جۆراوجۆرەکان ،کە بە پێی تەمەن و ئاستی گەشـە بۆ قوتابیان دانراون.ئاشـانکردنی پرۆگرامی خوێندن بەشـێکی زۆری دەکەوێتە سـەر مامۆسـتا ،کە پێویسـتە لە سـەرەتایی دەسـتپێکردنی خوێندن مامۆسـتا زانیاری بدات لەسـەر کتێبەکە و شـیکردنەوەی ناوەرۆک و پێکهاتەکانی ،بۆ نموونە مامۆسـتای کوردی لەسـەرەتایی خوێندن پێویسـتە باس لەوە بکات کە کتێبی کوردی لە چەند بەش پێک دێت، هەر بەشی لە چەند وانە پێک هاتووە ، کۆی گشتی بابەتەکان باس لە چی دەکەن.ئەمانە و کۆمەلێک بابەتی تر پێویسـتە باسـی لێوەبکرێت.ناسـاندنێکی تر بۆ پرۆگرامی خوێندن((پرۆگرامی خوێندن بریتیە لە نوسراوێکی باوەرپێکراو ،کە لایەن وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت ، پاشـان لەناو قوتابخانەکاندا بە مەبەسـتی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت جێبەجێ دەکرێت.))(عەزیز،ئۆمەر،٢٠٢٢،١٩٦)لەم پێناسـەیش بۆمـان دەردەکەوێت پرۆگرامی خوێندن لەلایەن کۆمەلێک کەسی بە ئەزموون و شـارەزا دادەنرێت ، کۆمەلێک مەبەسـتێک لەخۆ هەلدەگرێت.بۆ ئەوەی تاکێکی پر لەوزە و سـەرکەوتووی لێ دەربچێت.لە پێناسـەیەکی تردا ((پرۆگرامەکانی خوێندن زیاتر بەو شـارەزایی و کارامەیانەوە پەیوەسـتن کە کەفێرخواز لەفێرگەدا وەریان دەگرێت و بەکاریان دەهێنێت.))(حسـێن،٢٠٢٣،سـایتی کوردپیدیا)لە ئێسـتادا هەلبژاردنی پرۆگرامێکی گونجاو بۆ خوێندن دەوەستێتە سەر قوتابیان بەگشتی.کە فێرخوازان تا چەند ئارەزوو بە خوێندن و نوسین دەکەن.تا چەند قوتابیان دەتوانن سود لە بابەتەکان ببینن و لە کاروی باری رۆژانە سودی لێ وەربگرن.

بۆیە دەتوانین باچەند خاڵێک گرینگی پرۆگرامی خوێندن  لە خوارەوە بخەینە ڕوو:-

— یارمەتی مامۆســـتا دەدات لە وتنەوەی وانە بە ڕێگاییەکی ســـەرکەوتوو ،چۆنیەتی مامەڵە کردنی  لەگەڵ قوتابیان. ئامادەکردنی پلان و جێبەجێکردنی.

— ((هەلی یەکسان دەرەخسێنێت بۆ قوتابیان لە پێشکەشکردنی زانیارییەکان وراستییەکان کە ئامانجی دیاریکراو لە رەفتاریاندا بەدی دەهێنێت، هەروەها چارەنووسـێکی هاوبەشـە پێویسـتە هەموو قوتابیەکان بە جیاوازی ئاستەکانیانەوە ئاشنای ببن.))(عەزیز،ئۆمەر،٢٠٢٢،٢٠٤)پرۆگرامی خوێندن بۆ هەموو قوتابیان وەک یەک جیاوازی تێدا ناکرێت ، لە ڕێگای  خوێندن و ڕەفتا و تاقیکردنەوە ئاستی قوتابیان دەردەکەوێت . یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ زیاتر گرینگی پێدانیان.

— هۆکارێکە بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێرکردن، زیاتر دەبێتە هۆیی تێگەیشـــتنی قوتابی و مانەوەی زانیارییەکان لە مێشـــکیدا بۆ ماوەیەکی درێژ.وەک بەکارهێنانی وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ ، داتاشۆ ، تەختە ڕەش ، کەرستەکانی پێوانەکردن .........هتد.

— ((گرینگی بە لایەنی دەروونی منداڵ دەدات،حەزی خوێندن لە منداڵ دروسـت دەکات.گرینگی و گەشـــەکردن و چۆنیەتی فێربوون و ئامۆژگاری دەربارەی لایەنە کۆمەلایەتییەکان بخرێتە ڕوو.))(عبدالله، ٢٠١٤ ،٨٨)خوێندن بە بەردەوامی و  زۆر لەســـەر یەک قوتابی فێری فێربوون ناکات ، بەلکو بە پێچەوانەوە خوێندنی زۆر لەســـەر یەک کاریگەری لەســـەر مێشـــک دەبێت و مێشـــک ناتوانێت هەمووی وەربگرێت . قوتابی کەمترین زانیاری وەردەگرێت . پێویســـتە پێشکەشکردنی  زانیاریەکان تا ئەو ڕادەیە بێت کە مێشک توانای وەرگرتنی هەیە . پشو هەبێت لە کاتی خوێندن لە قوتابخانە و ماڵ . کاتی خوێندن هێندە زۆر نەبێت کە قوتابی هەســـت بە بێزاری بکات. وانەکانیش ئەو هەرتەنها ئەو دەرســـانە نەبن کە وشـــکن یان قورســـن بەلکو هەبوونی وانەی (وێنەکێشان ، میوزیک ، وەرزش ، سرود.......هتد.)ڕۆژانە هەبن ،ئەم وانانەجۆرە خۆشی و وزە دەدەن بە قوتابی و بێزاری کەم دەکەنەوە.

— یەکێکی تر لە گرینگییەکانی پرۆگرامی خوێندن ئاشـــناکردنی قوتابییە بە زمان و کلتور و نیشـــتمان و  هەســـتی نەتەوایەتی .لە  بابەتی جوگرافیا قوتابی زانیاری گرینگ دەربارەی شـــوێنەکان ، کەش و هەواو و چیا ، دەشـــت ، دۆڵەکان ......هتد دەبێت.بابەتی مێژووی ، قوتابی ئاشـنایی مێژووی گەلەکەی دەبێت ، بابەتی ڕێزمان و ئەدەبی کوردی قوتابی ئاشـنایی زمان و شیعر و چیرۆک و شاعیران......هتد دەبێت .

پرۆگرامی خوێندن ئەگەر چی کەم کورتیشی هەبێت ، بەلام گرینگی خۆی هەیە ، پەیرەونەکردنی دەبێـت هۆی دواکەوتنی کۆمەلگـا و بەرێونەبردنی کـارەکـان.لە بواری خوێـندنیش خوێـندن دوادەکەوێت پرۆســـەی پەروەردە و فێربوون ئەســـتەم دەبێت و ئەدەب بەگشـــتی و چیرۆکی منداڵان بە تایبەتی کاریگەری خۆی هەیە بۆ ســـەرکەوتنی پرۆگرامی خوێندن. منداڵ لەڕێگایی چیرۆکە پەند و ئامۆژگاری وەردەگرێت ، دەبێتە هۆی سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە. ڕێزمان

و ئەدەبی کوردی بەشـــێکی تەرخانکراوە بۆ بابەتی چیرۆک تا ڕادەیەک توانیویەتی  گرینگی خۆی  هەبێت . بە پێی پێویست خزمەت بە منداڵان بکات.

**٢. ئامانجی پڕۆگرامی خوێندن**

هەرکارێک کە مروڤ ئەنجامی دەدا لە پێناو گەیشـتنە بە ئامانجێک .تەنانەت خواردن ، نوسـتن ڕۆیشــــتن ......هتد هەمووی گەیشــــتنە بە ئامانجێک، پرۆگرامی خوێندنیش بەهەمان شــــێوەی ئەوگەدە بەتاڵە کە پێویســــتە تێر بکرێت.بۆ ئەوەی بگات بە ئامانجەکان.((دانانی بەڵگەنامەی پرۆگرامەکان هەوڵی زانسـتیی و پەروەردەییە بۆ گەشـەدان بە بەرنامەی خوێندن لە چێوەیەکی گشـــتی بەرنامەکانی دەولەتدا.))(مەحویی،٢٣،٢٠١٧)بەگشـــتی دانانی پرۆگرامی خوێندن دەبێت هەردوو ئامانجی زانسـتی و پەروەردەیی لە خۆ بگرێت . واتا زانیاری بە قوتابی ببەخشـێت ، و لە هەمان کاتدا فێری ڕێزگرتن ، ڕەوشـت بەرزی ، ڕاسـتگۆیی ، دەسـتپاکی....هتد بکات. بۆ هەر قۆناغێکی خوێندنیش بەپێی  ئاسـتی گەشـە و تەمەنیان  بەپێی پلانی تۆکمە پرۆسـتی فێرکردن لەلایەن مامۆســـتا ، و فێربوون لەلای قوتابی ، دابنرێت.((کۆ زانیاری و توانای و ئاراســـتە پێویسـتەکان تازەکاری تێدابێت ، لەگەڵ ڕەوشـتی  خوێندکاردا بگونجێت ،بۆ ئەوەی بە ئاسـانی جێبەجێ بکرێت.))(عبدالله،٨٨،٢٠١٤) ڕێکخســـتنی پرۆگرامی خوێندن بە پێی قۆناغ و ســـەردەم گونجاو بێت ،ئەو پرۆگرامەی لە کۆن بەکاردەهات ئامانجەکانی دەپێکا ، هەمان پرۆگرام لەم ســـەردەمەدا کەم و کورتی تێدایە و ئامانجەکانی ناپێکێت ، چونکە بارودۆخ و گوزەرانی خەلک لە هەردوو لادا جیاوازە . ئێســـتا کۆمەلێک کەرەســـتەن هەن بۆ زووتر و فێربوونی قوتابی کە پێشــــتر نەبوون .واتا بۆ ئەوەی پرۆگرامی خوێندن ئامانجەکانی بپێکێت پێویســـتە بە پێی لایەنی  پەروەردە و پێشـــکەوتنی زانســـت و زانیاری دابنێرێت ، ماوە ماوە گۆڕانکاری تێدا بکرێت.((دیـاریکردنی لایەنی بەهێز  و لاوازی پەرتوکە کە و دەرکردنی چەنـد بریـارێـک بۆ بەهێزکردنی خاڵە لاوازەکان و گۆرانکاریکردن تێیدا بەشـێوەیەکی گشـتگیر.))(عارف،ئازاد،٢٠١٨ ،٢٨٣)پەرتوک یەکێکە لە هۆکـارەکـانی ســـەرکەوتنی ئـامـانجەکـانی پرۆگرامی خوێنـدن . هەر چەند  پەرتووک لایەنی زانسـتی و پەروەردەیی بەهێز بێت ، قوتابی بە ئاسـانترین شـێوە فێری ببێت ، کێشـــەی لە تێگەیشـــتنی بابەتەکان نەبێت ، نیشـــانەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی پرۆگرامیی خوێندنە . ناوەڕۆکی پەرتووکی قوتابخانە ، باس لە چی دەکەن. ســـودیان چییە ، مەبەســـتیان چییە ، قوتابی چی لێ فێر دەبێت.......هتد هەر هەمووی کاریگەری خۆی هەیە لەســـەر پێکانی ئامانجی پرۆگرامی خوێندن. ئامادەیی مامۆستا و قوتابی لە هۆلەکانی خوێندن هۆکارێکی ترە لە ســـەرکەوتنی ئامانجەکانی پرۆگرامی خوێندن ، بۆ نموونە لە ئێســـتادا لە شـــاری ســـلێمانی مامۆســـتایان و قوتابیان بایکۆتی خوێندنیان کردووە ، ناچنە ناو هۆلەکانی خوێندن ، بەهۆیەوە پرۆســـەی پەروەردە و فێرکردن لە لایەن مـامۆســـتـا، و فێربوون لای قوتـابی بەدی نـایێت، کاریگەری خراپی لەسەر دواکەوتنی خوێندن و دەبێتە گرفت لەبەردەم پرۆگرامی خوێندن . بۆیە

ئامادەیی مامۆستا و باسکردنی بابەتەکان و ئامادە بوونی قوتابی لە هۆل و خوێندنی وانەکان واتایی سەرکەوتنی ئامانەجەکانی پڕۆگرامی خوێندنە.هەلبەت تاقیکردنەوەش هۆکارێکە بۆ بەدیهێنانی پڕۆگرامی خوێندن، لە کۆی کۆمەلێک بابەت مامۆستا تاقیکردنەوە ئەنجام دەدات، بە پێی ڕێژەی دەرچوونی قوتابیان بریار لەسەر پڕۆگرامی خوێندن دەدرێت.

**بەشی دووەم:-ڕەهەندە پەروەردەییەکانی چیرۆکی منداڵان**

**١. گەشەکردنی ڕۆشنبیری منداڵ**

هەموو کۆمەڵگـایەک خـاوەن تـایبەتمەنـدی خۆیەتی و جیـاوازە لە هەر کۆمەڵگـایەکی تر ، هۆکارەکەشـی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆشـنبیرییەی کە هەر کۆمەڵگایەک هەیەتی.هەروەها بۆ ئەو سروشـتەی بە درێژایی مێژوو ئەو کۆمەڵگایە پێیدا تێپەڕیوە.((ڕۆشنبیری پێویستیەکی ژیانە بۆ هەموو مرۆڤێک،ڕەوتێکی بەردەوامە لەناو هەموو کۆمەڵگایەکدا کە پاڵنەری سـەرەکی بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگایە .))(عەبدوڵا،٢٠١٣،٢٠)ژیان بەبێ ڕۆشـنبیریی دەوەسـتێت،کۆمەڵگا دوادەکەوێـت ،هیچ پـاڵنەرێـک نـابێـت بۆ پێشـکەوتن،دەبێتە هۆی لەنـاوچوونی کۆمەڵگـا،بۆ خۆپاراسـتن لەم دواکەوتوویە لەسـەر کۆمەڵگا پێویسـتە هەر لە قۆناغی منداڵییەوە گرینگی بە ئاستی ڕۆشنبیرییان بدرێت.تاوەکو لە داهاتوودا بتوانن کۆمەڵگا پێش بخەن. (( چوار لایەن هەن کە گەورەترین لایەنی بەرپرسـن و زیاتر کاریگەرییان لە پەروەردەکردن وڕۆشـنبیری کردنی منداڵاندا هەیە ئەوانیش خێزان،قوتابخانە،میدیا،کتێب.))( ئیبراهیم،عومەر،٢٠٢٣،١٤٥)پێش چوونە قوتابخانە،خێزان سـەرچاوەیی یەکەمی گەشـەکردنی ڕۆشـنبیریی منداڵە،بناغەی دروسـتبوونی کەسایەتی منداڵە لە داهاتوودا. ئەو خۆشەویستیەی منداڵ بۆ دایک و باوکی هەیە ،هۆکارێکە بۆ وەرگرتنی ئـامۆژگـاری و زانیـاری لەلایەن ئەوانەوە.قوتـابخـانەش سـەرچـاوەیەکی فراوانە بەلام نـاتوانرێت تەنها پشـت بە کتێبی قوتـابخـانە ببەسـترێت، چونکە کتێبی قوتـابخـانە سەرچاوەکانی سنووردار و دیاریکراون.کتێبی دەرەوەی قوتابخانە بەتایبەتی چیرۆک دەتوانرێت منـداڵ زانیـاری لێ وەربگرێت.ڕۆشـنبیریی خۆی پێ فراوان بکـات.زۆر جـار دایـک و بـاوک منداڵەکانیان لە ڕێگایی میدیا فێری زمان ، یاخود کاری چاکە و ڕاستگۆیی و دەستپاکی دەکەن ،زۆرجار بەتەنها پشت بەستن بە قسەکردن نەتوانرێت ئامۆژگاری تەواوی منداڵان بکرێت ،بەلام زۆرجـار ئەفلام کـارتۆنێـک یـان ئەنیمیشـنێک دەتوانرێـت بە ئـاسـانی منـداڵ پەروەردە بکرێت.((شارەزایانی پەروەردە هاوڕان لەسەر گرنگی چاندنی حەز و خۆشەویستی خوێندنەوە لە قۆناخی زووی منداڵیدا لە دەروونی منداڵاندا، باشـتر وایە هەر لە منداڵییەوە منداڵان هۆگر و ئاشـنای کتێب و گۆڤارەکانی منداڵانیان بکەین و، ببن بە هاوڕێی هەمیشـەی کتێب.. خوێندنەوە ببێـت بە خوویەکی بەسـوودیـان و دەقی پێوەبگرن و، ببێـت بە بەشـێک لە ژیانیان.))(شوان،٢٠١٧،سایتی وتاری کورد) ئەگەر دایک و باوک شەوان پێش خەووتن چیرۆک بۆ منداڵەکانیان بخوێنەوە یاخود کیبخانەیەک لەماڵەکەیان دروسـت بکەن و هەوڵ بدەن لەپێش چاوی منداڵەکانیان کتێب بخوێنەوە ،یان بۆیان بخوێنەوە ، ئەو کات منداڵ حەزی خوێندەوەی لا چەکەرە دەکات.دەبێتە هۆی فراوانی بیرکردنەوە و تێگەیشـتن لە دەوروبەر . فراوان بوونی ڕۆشنبیریی لا دروست دەبێت.بۆ دلنیابوونەوە لە ئاستی ڕۆشنبیریی منداڵان ،پەرتووکی پۆلی و (چوار و پێنج و شـەش )ی سـەرەتاییمان وەک نموونە وەرگرتووە، بەمەبەسـتی پراکتیککردنی گەشـەی ڕۆشتنبیریی منداڵان،چیرۆکی ماسی بچکۆلەش نموونەیەکی باشـە بۆ دروست بوونی متمانە لای منداڵ .چونکە لێرەدا گیانلەبەر (ماسـی )وەکو مرۆڤ قسـەدەکات.قسـەکردنی ماسـی

گونجـانـدنی دنیـایی منـداڵە لەگەڵ واقیع، چونکە بەبڕوایی منـداڵ هەموو شـــتێک دەتوانێت قســـەبکات.ئەمەش بەگوڕخســـتنی خەیاڵی منداڵە ،فراوانکردنیەتی بۆ ئەوەی بتوانێت ڕاڤەی ئەو شـــتانە بکات کە منداڵ بیریان لێ دەکاتەوە.منداڵیش ئارەزووی زۆری هەیە بۆ ئاژەڵ و زووتر لە بابەتەکە دەگات ،بیر لەوە دەکاتەوە ئەگەر ئاژەلان متمانەیان بەخۆ هەبێت ،ئەوا بێگومان مرۆڤ متمانەی بەخۆی هەیە.دەبێت هەمیشە لەسەر ڕێگایی ڕاست بێت،تەنانەت ئەگەر بەرامبەر کەســـێکی گەورە و زلهێزیش بێت.لەهەمان کاتدا لەگەڵ ئەنجامدانی ڕەفتاری دروســـت هانی هاوڕێکانی دەوروبەریشـی بدات بە ئەنجامدانی ڕەفتاری دروسـت.لەبەشـێکی تری چیرۆکەکەدا باسـی چاونەترسـی ماسـیەبچووکەکە دەکات.((ماسـیە بچکۆڵەکە لەسـەر قسـەکانی ڕۆیشـت و گوتی:-

سەیرە بۆچی ماسی لە ماسی بترسێت!کە هەردوو لا هەر ماسی بن .

ماسییە گەورەکە لە ماسییە بچکۆلەکە حەپەسا و بیرک کردەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی:-

قســـەکانی ئەم ماســـییە زۆر لە ڕاســـتیەوە نزیکن،وایە بۆچی ماســـی گەورە ماســـی بچووک بخوات؟ئایا ئەوان لە ئێمە نین.))(دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی شەش،٢٠٢١،٨٤) لەم بەشەی چیرۆکەدا باسی متمانەی بەحۆبوونی ماسیە بچکۆلەکە دەکات کە هەرچەندە ماسیە هـاوڕێکـانی لە مـاســـیە گەورەکە دەترســـێن کاتێک دەیبینن لێ ڕادەکەن لەترســـی ئەوەی بخورێن،ماســـیە بچۆلەکەش پێچەوانەی هاوڕێکانی دەکات،چونکە پێیوایە هیچ پێویســـت ناکات ماسـی لە ماسـی بترسـێت یاخود بلێین مرۆڤ لە مرۆڤ بترسـێت هەتا ئەگەر بشـلێین مرۆڤێکی گەورەیە و دەبێت مرۆڤانی تر لێی بترســـێن.چونکە هەرکاتێک ڕێگایی ڕاســـتت گرت.متمانە بەخۆت هەبێت پێویست ناکات لەهیچ لایەنێک بترسین.

لە چیرۆکی گولفرۆش،باســی دوو منداڵ دەکات دەچن بۆ دوکانێکی گوڵ بەلایانەوە ســەیرە کە هیچ گوڵێک نابینن جگە لە تابلۆی گوڵ .منداڵەکان فێردەبن مرۆڤ چەند وەک گوڵ بێت پێویستە شـێوازی قەســەکردنی و گوفتاریشـــی وەک گوڵ ، ((فەرموو گوڵەکانم....(چیتان دەوێت بۆتانی جێبەجێبکەم.کە گوێیان لە گفتاری دوکاندارەکە بوو بیریان بۆ ئەوە چوو ڕەنگە ئەوەی کاری پەروەردەکردن و فرۆشـــتنی گۆل بێت دەبێت گفتاریشـــی وەک گوڵ بێت.))(دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەدە ،پۆلی پێنج ،٢٠١٨،٧٥)بە چیرۆکەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا پێویســـتە بە جۆرێک گوفتار لەگەڵ منداڵ دا بکرێت کە بتوانرێت ســەرنجی ڕابکێشــێت،بەڕێزەوە قســە بکات تەنانەت ئەگەر کەســـی بەرامبەر لەخۆشـــی بچوکتر بێت.هەر لە هەمان چیرۆکدا بەشـــێکی تردا گولفرۆشــەکە باس لەوە دەکات کە گوڵەکان پێویســتە لەو شــوێنە بن کە پێویســتە((نازدار گوتی :

ببورە ،ئەوە بۆچی لە دوکانەکەتدا هیچ گوڵێک نییە، تەنها تابلۆی گوڵتان هەڵواسیوە.

گوڵفرۆشەکە گوتی:

گوڵەکان لە باخێکی دوورن،هەر کەسـێکیش حەزی لە چ جۆرە گوڵێک بێت و هەڵیبژێرێت،ئێمە دەچین و بۆی دەهێنینە ئێرە.))(دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەدە، پۆلی پێنج،٧٦،٢٠١٨)ئەم جۆرە چیرۆکانە هەوڵێکە بۆ فێرکردنی منداڵ،پەروەردەکردنی منداڵ .ئەمەش ئەرکی یەکەمی پەرتووکی قوتابخانەیە .لێرەدا قوتابخانە ئەرکی خۆی جێ بەجێ دەکات ، چاندنی خۆشەویستی سروشت و دەوروبەر و کەسایەتی منداڵ بەهێز دەکات.لەم بەشەدا باسی سروشت و جوانی گوڵ و درەخت و گژوگیا دەکات کە هەرچەندە دوکانی گوڵ فرۆشیش بیت نابێت گوڵەکان ئازار بدەی و بیان پچرێنی تاوەکو دوکانەکەی خۆت پێ ڕازاوە بکەیت.منداڵ فێردەبێت کە ئاگاداری سروشت بێت بە پاکی جوانی بهێڵنەوە وەک ماڵی خۆیان ئاگاداری بن.

**٢. گەشەکردنی خەیاڵی منداڵ**

مرۆڤ هەمیشـە بەدوایی خەیالەوە وێلە،خەیال دەکاتە کۆگایەک بۆ بەدیهێنانی ئارەزووی فەرامۆشکراوی.مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە خەیال دەکاتن،هەمیشە خەیالی ئەو بابەتانە دەکات کە ناتوانێت بەدی بهێنێت.وەک هەبوونی ئەو ئۆتۆمبێلەی کە دایک و باوکی نەیانهێشـت بیکرێت.مرۆڤ بەهۆیی خەیالەوە دەتوانێت چەندین داهێنان ئەنجام بدات و سـودی بۆ کۆمەڵگاکەی هەبێت.((خەیاڵ ئەو ڕووداو و بابەت و بیرۆکانەیە، کە لەنێو ئەقڵی مرۆڤدا سەرهەڵدەدەن. کە بە ئارەزووی خۆی دروست دەبن، ئەم خەیاڵانە دەیباتە جیهانێکی دیکەوە، لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت کۆنترۆڵی ژیانی بکات و ڕووبەڕووی ئەو ڕووداو و کارانە بێتەوە کە دێنە ڕێی. بەبێ ئەوەی بەربەستێک هەبێت ڕێی پێبگرێت و رایبگرێت. خەیاڵ بەوەش پێناسە دەکرێت کە کردارێکی ئەقڵی زانستی یە. خەیاڵی داهێنەرانە پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ داهێنان و گونجانـدن لەگەڵ ژینگەدا.))(شوان،٢٠٢٢،سایتی چرا)دایک یان باوک کاتێک چیزۆکبۆ منداڵ دەخوێنەوە منداڵ تەنها دەیبیسـتێت،ناتوانێت ببینێت،بەڵام لە بە پێی تێگەیشـتنی لە چیرۆکەکە لە خەیاڵیدا وێنایی دەکاتن،بۆ نموونە کاتێ دەڵێین لە دارسـتانێکدا کچێکی زۆر جوان هەبوو ، قژی زەرد و چاو سەوز هەبوو ،منداڵە خەیاڵیدا وێنایی ئەوە دەکات کە دارسـتان پڕە لە درەختی بەرز و گژوگیا .پێویسـتە ئەوەش بزانیین منداڵ ئەم جۆرە خەیالانەی لە واقیع وەردەگرێت ، هەندێکیشـی بە پێی ئارەزووی خۆی دورسـتی دەکات.واتا کاتێک باسی دارستانن کرد ،دارستان لە واقیعدا هەیە ،منداڵ هەمان واقیع خەیاڵ دەکات.بەڵام کاتێک منداڵ خەیالی ئەوە دەکات بفرێت ئەمە لە خەیالی خۆی دروسـتی کردووە و لە واقیع دا نییە. مرۆڤ هەمیشە لەگەڵ خەیاڵ دەمێنێتەوە ،دونیایەکی ئارام و جیاواز دروست دەکات،دەبێتە شوێنێک بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێک داهێنان و ئاواتەکان.

ئەگەر تێبینی بکەین لە چیرۆکی (دابەشکردن) بەشێکی بریتیە لە خەیال(( لە دارستانێکی چڕ و پڕ شـێر پاشـایەتی دەکرد و گورگێک و ڕێوییەکیش خزمەتیان دەکرد.هەر جارەی کە شـێر

نێچیرێکی. ڕاو بکردایە ، سەرەتا خۆی تێری لێدەخوارد ، پاشماوەکەشی بە گورگ و ڕێوی دەدا.))(دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەدە،پۆلی چوار،٨٢،٢٠١٨)ئەگەر تێبینی بکەین زۆربەی چیرۆکەکان تەنانەت هی گەورانیش بێبەش نین لە خەیاڵ.ئەم چیرۆکەش ئەگەر تێبینی بەکەین گیانلەبەر ناتوانن قسەبکەن، ئەمە یەکەم لایەنی دیاریکردنی خەیاڵ دوومیشیان بریتیە لە کۆبوونەوەی سێ گیانلەبەری گۆشت خۆری دڕندە، ئەوانیش شێر و ڕێوی و گورگ ،ئەمە مەحالە هەرسێکیان بتوانن لەسەر یەک سفرە کۆببنەوە.تەنانەت لە شوێنکدا باس لە ڕێزگرتنی گورگ دەکات بەرامبەر بە شێر((شێر لە ڕێز و حورمەتی

ڕێوی سەری سوڕما و

گوتی :ئەی ڕێوی!

ئەم هەم و ڕێز و

حورمەتە

لە کێ فێربووی؟.))(دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەدە،پۆلی چوار،٨٢،٢٠١٨)هەرگیز نەمانبینیوە ڕێوی جۆرە ئاژەڵێک بێت کە ڕێز لە ئاژەلانی تر بگرێت ،بێگومان ئەمەش بەشێکە لە فێلەکانی ڕێوی کە بۆ هەڵخەلەتاندنی شێر بەکاریدێنێ، بەلام هەرچەندە ئەمە فێڵیش بێت جۆرێکە لە خەیاڵ ، ئەم کردەوە لە ڕێویدا نییە.

لە چیرۆکی پەڵە هەورێک سەربوردەی خۆی دەگێڕێتەوە،چیرۆکێکی خەیاڵی دروستکراوە.چونکە هەور و مرۆڤ هەرگیز لەگەڵ یەکتری قسە ناکەن.بەڵام بۆ تێگەیشتنی منداڵان و بۆ ئەوەی بزانن سودی هەور چییە؟،چۆن دەبێت بە باران؟،چۆن دروستیش بووە؟،بۆئەوەی تێبگەین ئاوی باران لە کوێ دێ و سودی چییە.بۆ ئەوەی لێرەدا منداڵان بزانن باران سود بەخشە ، هۆکاری ژیانە،سەرچاوەکەی لە کوێ دروست بووە.((نازەنین سەری هەڵبری و لە پەڵە هەورەکەی پرسی:

تۆ چیت چۆن دروست boویت؟

لە وەڵامدا پەڵە هەورەکە گوتی:

ئەی نازەنیین،وەکو دەزانیت ئاوی سەر زەوی هۆی ژینی هەمووانە ، بوونی من لە ئاوی زەریا و دەریا و گۆمەکانەوەیە.))(دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە ،پۆلی چوار،٢٤،٢٠١٨)لە کۆتایی دا منداڵان دەزانن هۆکاری دروست بوونی هەور چییە.هەور چۆن دەبێت بە باران .لەم چیرۆکەدا منداڵان دەتوانن سودێکی باشی لێ ببینن.ئەو پرسیارانە کە لە مێشکیان دایە لە بارەی چۆنیتی دروست بوونی هەور و باران بارین ،گەڕانەوەی ئاو بۆ زەریا و دەریاکان.

### ٣. گەشەکردنی بونیادی کەسێیەتی منداڵ

پێکهاتەی کەسـێیەتی مرۆڤ هەر وەک بناغەی و کۆلکەی بالاخانەیەک وایە، کە بیناکەی ڕاگرتووە.ڕەفتارەکانی مرۆڤ لە ماوەی ژیانیدا بەڕێوە دەبات .کەسـێیەتی منداڵ هەر لە تەمەنی سـێ سـالیدا، کە بە سـەرەتای سـەردەمی زێرینی منداڵ دادەنرێت . منداڵ هەموو ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.گرینگترین کەس بۆ دروستبوونی کەسایەتی منداڵ (دایک و باوک)ن، بۆیە ئەوان هەر شتێک بکەن منداڵان لاسایيان دەکەنەوە .لەبەر ئەوەی منداڵ زۆرترین کاتی بە یاریکردن بەسـەر دەبات ، بۆیە یاریکردن بە یەکێک لە گونجاوترین ڕێگاکانی بونیادنانی کەسیەتی منداڵ دادەنرێت .بۆیە زۆر گرینگە گرینگی بە یاریەکانی منداڵان بدرێت،ئەو یارییانە بۆ منداڵان فەراهەم بکرێت.گرینگی بە کەسـێیەتی منداڵ بدرێت،بۆ نموونە یاریکردن بە دەمانچە بۆ منداڵان گونجاو نییە .چونکە منداڵ کەسێیەتیەکی شەرانگێزی لێ دروست دەبێت.واتا یـاریکردن ڕێگـاییەکە بۆ بەهێز کردنی لایەنی پەروەردەی منـداڵ هەر پێنج هەسـتەکەی بەکاردەهێنێت، ئاسـتی هۆشـیاری و لایەنی دەروونی بناسـین، بۆیە پێویسـتە هەم مامۆسـتا و هەم دایک و باوک بایەخی زۆر بە یاریی تایبەتی منداڵان بدەن.چونکە لە داهاتوودا دەبێت ڕەفتارەکانی کاریگەری لەسـەر لایەنی کەسیەتی دەبێت.دابین کردنی کەشـێکی ئارام لە خێزاندا بەیەکسانی ڕۆلی زۆر گرینگی هەیە لە چوارچێوە گرتنی کەسیەتی منداڵ.چونکە ئەو خێزانانەی کێشە و گرفتایان زۆر ناتوانن کات بۆ منداڵەکانیان تەرخان بکەن و منداڵیش بە لاسایکردنەوەی ئەوان یاخود ئەگەر کارێکی هەڵەش بکات سـزا لەسـەری وەرناگرێت،بۆیە کەسـیەتیەکی شەرانگێزی لێ دەردەچێت،ڕەنگە ئازاری منداڵانی تر بدات ،یاخود گرینگی بە وانەکانی نەدات.

لە بەشـێکی چیرۆکی کونە کەروێشـک لە پۆلی پێنجە م باس لە کۆمەڵێک منداڵ دەکات کە لە ڕابردوودا بەردیان لە کونی کەرێوشـک گرتووە،((شـێرۆ ،لەبیرتە جاران دەچووینە سـەر کونە کەروێشـکەکان و بەرد تەقەتەقمان دەکرد ، ئینجا کەروێشـکەکان لە کونەکە دەردەپەرین و یاریمان لەگەڵ دەکردن.))(دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە ، پۆلی پێنجە م ،١٩،٢٠١٨)ئەم جۆرە چیرۆکە ئەگەر چی بۆ قۆناغەکانی خوێندن دانراوە وەک پرۆگرامێکی خوێندن بەلام پێمان وایە ئەم بەشەی چیرۆکە کاریگەری خراپی لەسەر کەسێیەتی منداڵ دەبێت، چونکە منداڵ فێری شـەرانگێزی و ئازاردانی ئاژەلان و بێزارکردنیان دەبن، هەرچەندە ئەو کارەیان بۆ یاریی یان خۆشـی بێت.چونکە چیرۆک دەبێت کەسـێیەتیەکی باش لای منداڵ دروسـت بکات ،کاریگەربێت بە باش و بەهێزی کارەکتەرەکانی چیرۆک تا بتوانێت وەک ئەوان بێت.نەک ببێتە هۆی دروستبوونی کەسێیەتەچی لاواز و سەرەرۆ و شەرانگێز لەناو کۆمەڵگادا.

لە چیرۆکی یاسایی دارستان پۆلی چوارم ،باس لە ڕەفتارە باشـەکانی مەیموون دەکات(("ورچە گیان "،تخوا وا لەو لقانە مەکە ،زۆر گوناهت دەگاتێ،چونکە زیان بە دارەکان و بە دارسـتانەکە دەگەیەنێت ئەمە کردەوەیەکی ناشرینە وازی لێبهێنە.))(دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە ،

پۆلی چوار ،٤٢،٢٠١٨ )کەسـایەتی مەیموون ،کەسـایەتیەکی باش و بەهێزە ،تەنانەت ئامادەییە ڕووبەرووی خراپەکاریش ببێتەوە،بەهۆی ڕەفتارەکانی کاریگەری لەسـەر ورچ دروسـت دەکات ،تەنانەت  وای لێدەکات داوای لێبوردن بکات و نەمام بچێنێت.منداڵ کە ئەم چیرۆکە دەخوێنێتەوە دەبینێت کە تەنها ڕەفتارەکانی مەیموون وای کرد هەموو ئاژەڵەکان ڕووبەرووی ئەم خراپیە ببنەوە،((هەموو زانیان ،کە شـتێک قەوماوە بە تاک و کۆ بە لۆقە و ڕاکردن و فڕین و بازدان خۆیـان گەیـاندە لای مەیموون و ورچ،هەواڵەکەیـان بە شـێریش گەیـاند.))(دانـانی لێژنەیەک لەوەزارەتی پەروەردە ، پۆلی چوار ،٤٣،٢٠١٨)ئەم چیرۆکە کاریگەری کەسـێیەتی باش لەسـەر منداڵ دروسـت دەکات کە بەهیچ شـێوەیەک خراپەکاری و زولم قبوڵ نەکەن ، هەر شـتێکی نارەواشیان بینی ئاگاداری کەسانی تر بکەنەوە تا بتوانن چارەسەری کێشەکان بکەن.

لە چیرۆکی دەنکە گەنمێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەسـایەتی منداڵ بکات کەسـێکی میهرەبان و دڵ فراوان. هەروەها کەسـێک کە یارمەتی هاوڕێکەی قبول بکات خۆپەرسـت نەبێت .ئەمەش لە قازانجی هەردوولایەنە،لە چیرۆکی مێرووله  و کەڵەشـێره ئەوەمان. بۆ روون دەبێتەوە ئەگەر ئەو مێرووله  چاوچنۆک  نەبوایە بەشـی هاورێکەی بدایە ئەوە باشـتر بوو لەوەی کەڵەشێرەکە گەنمەکەی  بخوات  هەردوکیان بی  بەش بن. ئەوەش فێرمان. ئەکات بەتایبەت منداڵان کە لە قوتـابخـانە بچوکن ئەگەر هـاورێکەیـان هەبێت خواردن. پێ نەبێت شـتێک بەش بکەن لەگەڵ یاندا.لەدەرەوەی قوتابخانەش   یان هەر شـوێنک بێت کەسـایەتی منداڵ وا پەروەدە بکات کە هەست بە بەرپرسیارەتی و دادپەروەری بکات بتوان. خوردنەکەی لەگەل هاورێکەی بەش بکات بۆ ئەوەی هەردوو لا سـودی لی ببین. ((بەنیازیت بەشـیبکەیت لەگەلم. ،برۆ بە ریی خۆتەوه ،ئەوه  بە چاو نابینی.لەو کاتە کە ئەو دوو مێرووڵەیە لەو قسـانە بوون،کەڵەشـێرێکی رەنگاو رەنگ پۆپیتە گەورە پەیدابوو دەگەڕا بە دوای چەند دەنکە گەنمێک ،کە دەنکەگەنمە قەڵەوەکەی دی بە. دەنوکێـک ئـاودیوی کرد.))(دانـانی لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەدە،پۆلی پێنج،٢٠٢١، ١٠٨)ئەوە ئەنجامی چاوچنۆکیە ئەگەر پێکەوە دابەشـیان کردبا. هەردوو لا سـودیان لی ئەبینی نەک بەهۆی خۆپەرست وچاونۆکی بی بەش بوون.

**٤. گەشەکردنی زمانی منداڵ**

زمان و مرۆڤ دوو بابەتی بەیەک گرێدراون هیچیان بەبێ ئەویتریان نابێت،چونکە ئەگەر مرۆڤ نەبێت شـتێکیش نابێت بە ناوی زمان.ناتوانرێت زمان بخینە ناو چوارچێوەیەکی دیاریکراوی لێکۆلینەوە ، چونکە زمان هەمیشـە لە گەشـەکردن دایە.خۆی لەگەڵ هەموو سـەردەمێک دەگونجێنێت((هۆیەکە بۆ گەیاندنی هەسـت و سـۆز و بیروباوەڕ لە ڕێگایی دەنگەوە لەدەم دەردەچێت ،یاخود لە ڕێگای کۆمەلێک هێماوە کە ئاماژە لە فەرمانی دڵ و دەروون دەکات بۆ شیکردنەوەی هەست و نەستی ناوەوەی مرۆڤ .))(کەلهوڕ،١٢٩،٢٠١٠).ئەگەر وای دابنێین زمان نەبێت،مرۆڤەکان چۆن لەیەکتری دەگەن ؟ چۆن دەتوانن بیرکردنەوەکانیان بەکەسـی بەرامبەر

بگەین ؟ یاخود باس خۆشـــی و ناخۆشـــی و خەمەکانیان بکەن ؟کەواتە ئێمە ناتوانیین زمان لە مرۆڤ بکەینەوە ،وئەگەر شـتێک بتوانێت مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی تر جیا بکاتەوە زمانە.مرۆڤ بۆ دەربرینی هەستی خۆی یان بیرکردنەوەکان زمان بەکاردەهێنێت .کەواتە زمان تەنیا ئامرازی پەیوەندی نییە ، بەڵکو مرۆڤ لەناو زماندا بیردەکاتەوە،هیچ بیرکردنەوەیەکی مرۆڤ لەدەرەوەی زمان نییە.بۆیە زۆر گرینگە منداڵ زوو زمان لا بپژێ بۆ ئەوەی پرۆســـــەی بیرکردنەوە لەلای گەشـە بکات.تێگەیشـتن لە مرۆڤ بەبێ زمان کارێکی قورسـە.بۆنموونە منداڵ پێش ئەوەی زمان بگرێت ، نـاتوانیین لێی تێبگەین ،ئەگەرچی هەندێک جار بەهۆی گریان دەتوانیین لێی تێبگەین بەلام ئەمەش بە پێی پێویسـت نییە.دواتر فێری وشــەی (دایە ، بابە ، مەمە ، ئا ، نا.....هتد)دەبێت ،بەم شـــێوەیە منداڵ بەردەوام دەبێت ،وشـــە و ڕســـتەکان لە خێزان وەردەگرێت و دووبارەی دەکاتەوە.((منداڵ لە ڕێگای چاولێکەری و سەرنجدانی کەسانی گەورە و دەوروبەر ڕۆژ بە ڕۆژ فێری زمان دەبێت و هەنگاوەکانی ئەم پرۆســـــەیەش ، لای زانایانی دەروونی بەقۆناغەکانی گەشـەکردنی زمان لای منداڵ دادەنرێت.ئیتر مەرج نییە لە هەموو ئاستەکانی گەشـەکردنی زمان فێربووندا ،بە ئاگاییەوە،هەڵســـوکەوت بکات ،چونکە کاتی فێربوونی زمان ،منداڵی بچووک ناهۆشـــمەندانە ئەوە فێردەبێت،کە نیشـــانەیەک تەنیا لە ئەنجامی جیاوازیی لەگەڵ نیشـــانەیەکی دیکەدا مانا پەیدا دەکات .))(عەبدولوەهاب،٣٤،٢٠١٥)کەواتە زمان تەنیا ئامرازی پەیوەندی نییە ، بەڵکو مرۆڤ لەناو زماندا بیردەکاتەوە،هیچ بیرکردنەوەیەکی مرۆڤ لەدەرەوەی زمان نییە.بۆیە زۆر گرینگە منداڵ زوو زمان لا بپژێ بۆ ئەوەی پرۆسـەی بیرکردنەوە لەلای گەشـە بکات.منداڵ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی فێری زمـان دەبێت،واتە زمـان پەیوەنـدە بە کۆمەڵگـاوە.زمـان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە،منداڵ لەڕێگایی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەری فێری زمان دەبێت.بۆیە دەبینین ئەو منداڵانەی تووشـــی نەخۆشـــی ئۆتیزم دەبن یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە تێکەڵاوی خەڵـک نەکراون. ،کەواتە زمـان تەنیـا ئـامرازی پەیوەنـدی نییە ، بەڵکو مرۆڤ لەنـاو زمـانـدا بیردەکاتەوە،هیچ بیرکردنەوەیەکی مرۆڤ لەدەرەوەی زمـان نییە.بۆیە زۆر گرینگە منـداڵ زوو زمان لا بپژێ بۆ ئەوەی پرۆســـــەی بیرکردنەوە لەلای گەشـــــە بکات.لەســـــەرەتادا دەربرینی ڕستەکان یان وشـەکان نارێکن و بە تەواوی نایدرکێنێت ، کاتێکیش دەچێت بۆ قوتابخانە بە پێی قۆناغ فێری وشــەی نوێ دەبێت.و هەوڵدەدات وشــەکان بە پێی سـیسـتـەمی ڕێزمانی بیانکات بە ڕســـتە دواتر بیاندرکێنێت.زمان بۆ منداڵ زۆر گرینگە ، بناغەی دروســـت بوونی کەســـایەتی و ڕەوشـــتیەتی.بەکارهێنانی زمان لە قوتابخانەکانیش بە پێی تەمەنی منداڵ ڕێکخراوە لەر قۆناغێک بۆ منداڵ کۆمەلێک وشەی نوێی بۆ دانراوە، ئەگەرچی زۆرجار دەبینین منداڵان هەندێک وشەیان لەلا نامۆیە ،زۆربەی کات دووبارەی دەکەنەوە و پرســـیار دەربارەی ئەو وشـــەکە و تەنانەت واتاکەشی. و بۆچی بەکاردێت دەکەن.بەردەوام دەبن تاوەکو دەگەن بە تەواوی ئەو وەلامەی کە دەیانەوێت. زۆرجار منداڵ پرســـیار دەربارەی ئەو وشـــەیە دەکات کە گوێبیســـتی دەبێت بێ ئەوەی بزانێت کە لەگەڵ تەمەنی ئەو گونجاوە یان نا.بۆیە پێویســـتە لە ماڵ و قوتابخانە یان ئەو شـــوێنانەی کە منداڵ بۆی دەچێت ، دوور بێت لە هەموو ئەو وشـــانەی کە لەگەڵ تەمەنی

ناگونجێت ، یاخود واتایەکی قورس یان ئەو وشـــانەی کە دووردورێژن لە دوو ســـێ برگە زیاترن. چونکە زۆرجار منداڵ ناتوانێت بیان درکێنیت یان بەهەڵە دەیاندرکێنێت.

چیرۆکی کاتم بەفیرۆ نادەم باســـی لە ســـودی کتێب دەکات ، منداڵان هاندەدا بۆ خوێندنەوەی کتێب و چیرۆک ...هتد لە کاتی بەتاڵ یان لە پشـــوی هاوین ، هەروەها یارمەتی منداڵ دەدات کە کاتەکانی بەفیرۆ نەدات و ســـود لە کات وەربگرێت.....هتد.((لەمەودوا هەموو بەیانییەک دەچمە پەرتوکخانەی گشـتی بۆ خۆم پەرتووک دەخوێنمەوە.))(دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی پێنج ،٢٠١٨،٥٤)زمانی ئەم چیرۆکە لەگەڵ منداڵانی پۆلی گونجاوە منداڵ بە ئاســـانی لێیتێدەگات ، لە کاتی خوێندنەوەی یان گوێ لێبوونی ئاستەنگ لەبەردەمی دروست نابێت.زمان ڕۆلێکی ئێجاگار گرینک دەگێرێت لە تێگەیشتنی منداڵ، ئەگەر چی زۆر جار وشـەیەک یان چەند وشـــەیەک منداڵ ناتوانێت لێی تێبگات بەڵام بە هاوکاری دەوربەر لای ڕووندەبێتەوە و فێری دەبێت.بەڵام ئەم چیرۆکە بەدوورە لەوشانەی کە لەگەڵ قۆناغی منداڵ ناگونجێت.

لە چیرۆکی ناوی هەمووومان کوردییە لایەنی ڕێزمانی کوردی ڕەچاو دەکات.چونکە وامان فێردەکات،ناوی منداڵەکانمان کوردی بێت.زمانی کوردیش زمانێکی دەوڵەمەندە و جۆرەها ناومان هەیە.واتاییەکی بەچێژیان و خۆشیان هەیە.زۆربەی ناوە کوردییەکان واتا بەخشن،ناوی نیشـــتیمان پەروەری و جۆرەها ناومان هەیە لەم چیرۆکە. ((گوتی:گوتی ناوی من کامەرانە ،هیوای کامەرانی و ســـەرکەوتنتان بۆ دەخوازم ، لەدواییدا داوی لە فێرخوازان کرد،کە ئەوانیش خۆیان بناسێنن ئەگەر بتوانن،ناوی خۆیان لەڕستەیەکدا بەکاربهێنن کە پەیوەندی بە ناوەکانیان هەبێت.))(دانانی لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە ، پۆلی چوار ،٢٠١٨،٢٠)بۆمان دەردەکەوێت ئەو منداڵانەی ناوی خۆیان دەڵێن ناوی هەموویان کوردییە ،وئەو ڕســـتەییەی کە بەکاریان هێنا ،ڕستەیەکی واتاردارن،چونکە زۆربەی ئەو شـتانەی بەسـەر میللەتی کورد داهاتووە وایکردووە خێزانەکان ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن.هەروەها گەلی کورد گەلێکی هیوا نەبڕاو نەبووە،بۆیە وایکردووە زیاتر ئەو ناوە کوردییانە بەکاربهێنن ،لەم چیرۆکەشدا وشەی ئاسان بەکارهاتووە ،هانمان دەدات ناوی کوردی شـــارەزا بین،واتاکانیان چییە،لەبەر چی ئەو ناوانەش دروســـت بوون و لەبەرچی دایک و باوکان ئەو ناوانە لە منداڵەکانیان دەنێن، ئەو ناخۆشـیانەی کەبەســـەر کورد داهاتووە و دەیچێژێ ،هانمان دەدا بۆئەوەی گرینگی بە ناوی کوردی بدەین و ناوی منداڵەکانمان ناوێکی کوردی بێت.

لە چیرۆکی دلڤین و ژینگە ئەتوانین بلێن ئەو چیرۆکانی. کە باس کراون لە کتێبی زمانی کوردی ســـود بەخشـــن. ئەویش لە لایەنی خۆشـــەویســـتی نیشـــتمان و ژینگە پارێزی فێرە منداڵەکانمان ئەکات کە لێرە دا کچە نازانی. بۆ هەوای گوند خاوینە هی شـــار پیســـە ((باوک :کچەکەم ،گوند هەموو دار و درخت و ســـەوزاییە ،ئەو ســـەوزایەش گازی دۆکسـیدی کاربۆن. دەمژێت و ئۆکسـجینی دەداتەوە و هەوا خاوێن دەکات ،بەلام. لە شـارەکان دانشـتوان. زۆرترن. و کارگە و ئۆتۆمبیلی لێ هەیە کە ژینگە پیس دەکەن.))

(دانانی لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەدە، پۆلی چوار، ٢٠١٨، ١٢) لێرە دا بۆمان روون.دەبێت بۆچی هەوای گوند خاوینە هی شـار پیسـە،بەلام بەهۆی ئەم جیاوازی دەتوانین لە شـارەکان. دار و درختی زیاتر بچین ،شت لە ناو شارەکان. نەسوتێنین ،کارگەکان ببینە دەرەوە وە ژینگە بپارێزین ،خۆل و خاشەکان ببینە. دەرەوەی شار بسوتێین ئەمانەش ئەتوانین کە ژینگەی ناو شـاریش پاک بێتەوە کە دەبێت لەوانەکانی. سـەرەتای مندال فێر بکرین مندالەکانیش هەست بە. بەرپرسـیارەتی بکەنژینگە بە خاوین رابگرن. بەم جۆرە ژینگەی شـاریش خاوینە وە لاینەی زمانەوانی تێدایە کە هەندیک وشـەی تێدا کە مندال سـەرەتایە نازانی وەک دوائۆکسـجینی کاربۆن ،ئۆکسـجین. چونکە ئەم شـتانە. لە ژیانی رۆژانە بەکار نایت بەلام. ئەوە بۆ مندال زانیاریە ئەتوانن فێری ببن.

خشتەی ژمارە (1)

(ئایا لە بابەتە ئەدەبیەکان کتێبی زمانی کوردی لەڕووی پەروەردەییەوە ڕازیت؟)

| بەڵێ | نەخێر | کۆی گشتی |
| --- | --- | --- |
| ١٢ | ٨ | 20 |

لە خشتەی ژمارە (1) بۆمان دەرئەکەوێت بەگشتی مامۆستایان کۆکن لەسەر ئەوەی بابەتە ئەدەبییەکان سودی بۆ قوتابیان هەیە، لەبنەڕتدا هەر کتێب کە بۆ قوتابی لە قۆناغەکان خوێندن دادەنرێت، دەبێت هەموو ئامانجەکان تێدا فەراهەم بکرێت بەتایبەتی لایەنی پەروەردەیی، چونکە لایەنی پەروەردە لەداهاتوودا کەسایەتی تەواوی منداڵ دەگرێتەوە، بەڵام بەپێی ڕاپرسیەکەی ئەنجاماندا, مامۆستایان، ژمارەیەکی کەم لە مامۆستایان کۆک نین لەسەر ئەوەی بابەتە پەروەردەییەکان بتوانێت ئامانجی پەروەردەیی پێکبێت، چونکە پێیوانوایە پێویستە پەرتووکی قوتابخانە لەگەڵ سەردەم و بارودۆخ بگونجێت، لە سەردەمی ئێستادا کە سەردەمی تەکنەلۆجیاییە هەم پێویستە ئامانجی پەروەردە و هەم ئامانجی مامۆستا لەگەڵ تەمەن و بیرکردنەوە و قۆناغی منداڵان بگونجێت.

خشتەی ژمارە (2)

( ئایا بابەتە ئەدەبیەکان بە تایبەتی چیرۆکەکانی لەگەل تەمەن و ژینگەی قوتابی دەگونجێت؟)

| بەڵێ | نەخێر | کۆی گشتی |
| --- | --- | --- |
| ١٤ | ٦ | 20 |

لە خشتەی ژمارە (2) بۆمان دەرئەکەوێت، هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، چیرۆک کاریگەترین چەکە بۆ دروستکردنی کەسایەتی منداڵ، بێگومان زۆرینەی مامۆستایانیش کۆکن لەسەر ئەوەی

چیرۆکەکان کاریگەریان هەیە و لەگەڵ تەمەن و ژینگەی منداڵ دەگونجێن، ئەمەش ئەو بەڵگەیە دەسەلمێنێت کە چیرۆک کاریگەری لەسەر منداڵ هەیە. بۆیە زۆربەی مامۆستایان هاوڕان لەگەڵ پرسیارەکە. بەڵام نابێت تەنها جەخت لەسەر ڕێژەی زۆرینەی مامۆستایان بکەین چونکە بە پێی ڕاپرسیەکە بەشێک لە مامۆستایان پێیان وایە چیرۆک کاریگەری تەواوی نییە،پێویستە زیاتر پەرە بەچیرۆکەکان بدرێت تاوە کو لەگەڵ بارودۆخی منداڵ بگونجێت

خشتەی ژمارە (3)

(ئایا چیرۆکەکان بنەما پەروەردەییەکانیان تێدایە؟)

| بەڵێ | نەخێر | کۆی طشتی |
|---|---|---|
| ١٥ | ٥ | 20 |

لە خشتەی ژمارە (3) دەردەکەوێت زۆربەی بەشدار پێیانوایە، هەر بابەتێک کە بۆ قۆناغەکانی خوێندن دادەنرێت ،چەند ئامانجێکی لەپشت هەیە،ئەویش پەروەردەکردنی منداڵە و فێربوونیەتی ،ئامانج لەم پرسیارەی ئێمەش بریتی بوو لە دڵنیا بوونەوەی ئاستی پەروەردەکردنی منداڵ لە ئێستادا، لە بەرامبەردا بەشێک لە مامۆستایان پێیان وایە ئەو پەروەردەی کە هەیە لەگەڵ منداڵی ئەم سەردەمە ناگونجێت.هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئامانجی پەروەردە و زۆربوونی موبایل و ئایپاد و ئینتەرنێت،منداڵان سەیری سۆشیاڵ میدیا دەکەن و کاریگەری لەسەر کەسایەتیان هەیە ، ئامانجی پەروەردەش لەگەڵ ئەم بارودۆخە ناگونجێت.

خشتەی ژمارە (4)

(ئایا چیرۆکەکان دەتوانن لەرووی ئاکاری و پەروەردەییەوە کاریگەری لەسەر قوتابیان دابنێن؟)

| بەڵێ | نەخێر | کۆی طشتی |
|---|---|---|
| ١٦ | ٤ | 20 |

لە خشتەی ژمارە (4) ئەوە روون دەکاتەوە، مامۆستا زۆرترین هەوڵی خۆی دەدات تاوەکو لەگەڵ فێربوون ،لایەنی پەروەردەش جێبەجێ بکات و بتوانێت ڕەفتار قوتابی بگۆرێت بۆ باشترین ئێمە پێمان وایە هەرچەندە چیرۆک کاریگەری لەسەر پەروەردەی منداڵ هەبێت ،ئەگەر مامۆستا هەولی جێبەجێکردنی ئەم پەروەردەیە نەدات ،منداڵ هیچ گۆرانکاریەکی تێدا ڕوونادات .چونکە کاتێک چیرۆک بۆ منداڵ دەخوێنرێتەوە ئامانجێکی لەپشت هەیە،ڕەنگە قوتابی نەزانێت بۆیە پێویستە مامۆستا باسی بکات.خۆشبەختانە ڕاپرسیەکەشدا زۆرینەی مامۆستایان هاوڕان لەگەڵ پرسیارەکە ،ئەمەش سەلماندنی بوونی مامۆستایی سەرکەووتوە.

خشتەی ژمارە (5)

(ئایا تا چەند ئەم چیرۆکانە خەیاڵیان تێدایە؟)

| بەڵێ | نەخێر | کۆی طشتی |
| --- | --- | --- |
| ١٠ | ١٠ | 20 |

لە خشتەی ژمارە (5) دەردەکەوێت بەشداربووان بۆچوونیان نیوە بەنیوە جیاوازە لەگەڵ یەکتر دەربارەی پرسیاری: ئایا تا چەند ئەو چیرۆکانە خەیالیان تێداییە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە مامۆستایانی کردە دوو بەش، بەشێکیان وەڵامیان بەڵێ بوو، پێیانوابوو چیرۆکەکان خەیاڵی تێدایە، بەشێکی تریان پێیانوایە چیرۆکەکان خەیالّی تێدانییە. کەواتە بەپێی بۆچوونی مامۆستایان بۆمان دەردەکەوێت بەشێک لە چیرۆکەکان خەیاڵین و بەشێکیشیان واقعین.

خشتەی ژمارە (6)

(زمانی نوسینی چیرۆکەکان لەگەل بنەماکانی چیرۆکی منداڵان دەگونجێت؟)

| بەڵێ | نەخێر | کۆی طشتی |
| --- | --- | --- |
| ١١ | ٩ | 20 |

لە خشتەی ژمارە (6) دەردەکەوێت زۆرێک لە هاولاتیان ڕەخنە لەوە دەگرن، ئەو پەرتووکانەی کە گۆڕاون بۆ ئاستی منداڵان ناگونجێت، داوا دەکەن هەمان پەرتووکی پێشوو بێتەوە بە پڕۆگرامی خوێندن، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی تێنەگەیشتنی قوتابیان و قورسی وشەکان و زوو لەبیرچوونەوەیان، تاڕادەیەکیش مامۆستایان لەگەڵ ئەو زمانە نیین کە بۆ چیرۆک و بابەتەکانی تر دانراوە،هەمان ئەو هۆکارانەی سەرەوە دەکەنە بیانوو بۆ تێنگەیشتنی منداڵان لە زمانی چیرۆک.

خشتەی ژمارە (7)

( ئایا چیرۆکان کاریگەریان لەسەر کەسایەتی منداڵ دەبێت؟)

| بەڵێ | نەخێر | کۆی طشتی |
| --- | --- | --- |
| ١٥ | ٥ | 20 |

لە خشتەی ژمارە (7) ژمارەیەکی زۆری مامۆستایان پێیانوایە چیرۆکەکان کاریگەری لەسەر کەسایەتی منداڵدا دەبێت. لە بەرامبەردا بەشێکی کەم لە مامۆستایان پێیانوابوو چیرۆک کاریگەری لەسەر گەشەکردنی کەسایەتی منداڵ هەیە و وا لە منداڵ دەکات کەسێکی ڕۆشنبیر و ڕاستگۆ و تێگەیشتویی لێ دەربچێت

**ئەنجام**

١. پێویستە پرۆگرامی خوێندن زۆر بە وریاییەوە دابنرێت بۆ قۆناغی سەرەتایی.بە پێی گۆرانی بارو دۆخ و سەردەم پرۆگرامی خوێندن گۆڕانکاری بەسەردایێت ،پێویستە لەگەل قۆناغ و ئاستی تێگەیشتنی قوتابیان گونجاو بێت.

٢. لە زۆربەی چیرۆکەکاندا ڕەچاوی دۆخی دەروونی و ئاستی تەمەنی منداڵان کراوە. هاوکات ئەو کارەکتەرانەی لەناو چیرۆکەکاندا هەن، لەگەڵ خەیاڵ و بیرکردنەوەی منداڵان دەگونجێن.

٣. بە گوێرەی ئەو ڕاپرسیەی ئەنجاممان داوە، زۆربەی مامۆستایان بڕوایان وایە چیرۆکەکان کاریگەریان لەسەر کەسایەتی منداڵ هەیە.

٤. ئەو منداڵانەی ناوی خۆیان دەڵێن ناوی هەموویان کوردییە،وئەو ڕستەییەی کە بەکاریان هێنا، ڕستەیەکی واتاردارن،چونکە زۆربەی ئەو شتانەی بەسەر میللەتی کورد داهاتووە وایکردووە خێزانەکان ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن.هەروەها گەلی کورد گەلێکی هیوا نەبڕاو نەبووە،بۆیە وایکردووە زیاتر ئەو ناوە کوردییانە بەکاربهێنن.

٥. زۆرێک لە هاولاتیان ڕەخنە لەوە دەگرن، ئەو پەرتووکانەی کە گۆڕاون بۆ ئاستی منداڵان ناگونجێت، داوا دەکەن هەمان پەرتووکی پێشوو بێتەوە بە پرۆگرامی خوێندن، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی تێنەگەیشتنی قوتابیان و قورسی وشەکان و زوو لەبیرچوونەوەیان، تاڕادەیەکیش مامۆستایان ڵەگەڵ ئەو زمانە نیین کە بۆ چیرۆک و بابەتەکانی تر دانراوە،هەمان ئەو هۆکارانەی سەرەوە دەکەنە بیانوو بۆ تێنگەیشتنی منداڵان لە زمانی چیرۆک.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: سەرچاوەی کوردی**

**١. کتێب**

١.ئەحمەد،نەوزاد عەلی:(٢٠٠٧)،منداڵ و ئەدەب:چاپی سێیەم ،بلاوکراوە ئەلکترۆنیەکان

٢-ئەحمەد،سەروەر حەمە،(٢٠١٣)،ڕۆشنبیری سیاسی ، چاپ و بڵاوکراوەی خانەی موکریان ، چاپی یەکەم ، هەولێر

٣-دانانی لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە،خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی،٢٠١٨،چاپی یازدەهەم.

٤-دانانی لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە ڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی قۆناغی بنەڕەتی پۆلی پێنجەم،٢٠٢١،چاپی سێزدەهەم.

٥-دانانی لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردەڕێزمان و خوێندنەوەی کوردی قۆناغی بنەڕەتی پۆلی شەشەم،٢٠٢١،،چاپی سێزدەهەم

٦-سەعید،ئازاد محەمەد،(٢٠١٣) ، کورتیلە چیرۆکی کوردی ، چاپ و بلاوکراوەی شەهاب ، چاپی یەکەم ،هەولێر

٧-ڕەسول،عزەدین مستەفا،(١٩٧٠)،ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی ، چاپخانەی دار و جاحظ، چاپی یەکەم ، بەغدا

٨-صابر،ڕازاو ڕەشید،(٢٠١٠)،چیرۆکی مندالان لە ئەدەبی کوردیدا،چاپخانەی حاجی هاشم ،هەولێر

کەلهوڕ،نەوزاد،(٢٠١٠)،گەشەکردنی منداڵ،چاپ و بلاوکراوەی خانی،چاپی یەکەم ،دهۆک

٩-کۆمەلێک نوسەر ،(٢٠٢٢)،دیداری ئەدەبی منداڵان، یەکێتی نوسەرانی کورد، سلێمانی

١٠-کالەر،جۆناسان،(٢٠٢٠)،وەرگێران،سەنگەر نازم ، هیمداد حوسێن،تیۆری ئەدەبی، چاپی یەکەم ، چاپ و بلاوکراوەی فێربوون،هەولێر

١١-مستەفا،کەریم ، (٢٠١١) ، فەلسەفە بۆ منداڵان، کتێبی ئەلکترۆنی

**٢. گۆڤار و ڕۆژنامە**

١٢-ئیبراهیم ، مەولود ،عومەر ، پەیمان ، (٢٠٢٣) ، ڕۆلی بەها پەروەدەییەکان لە بەرهەماکانی (جەمال گردە سۆری) دا ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر ، ژمارە ٥٤

١٣-عبداللە، مهاباد کامل،(٢٠١٤)،پێوەرە پەروەردەییەکان لە پرۆگرامی خوێندن ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین،چاپ و بلاوکراوەیی حاجی هاشم ، هەولێر ، ژمارە (١)

١٤-عەزیز،عومەر ڕزگار ،ئۆمەر، ئەحمەد حەمەدئەمین،(٢٠٢٣)گرفتەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی ناوەندی هەولێر، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، هەولێر ، ژمارە ٥٤

١٥-عارف ، کارزان محمد ، ئازاد ، کوردستان ، محمد (٢٠١٨) ، هەلسەنگاندنی پەرتوکی بابەتە کۆمەلایەتییەکان بۆ پۆلی نۆی بنەڕەتی لە دیدی مامۆستایانەوە ، گۆڤاری تویژەر ، سلێمانی ،ژمارە (٢)

١٦-مەحویی، محەمەد ی،(٢٠١٧)،خوێندنی کوردی لە چێوەیی بەڵگەنامەی پرۆگرامدا:زانکۆیی سلێمانی ،گۆڤاری توێژەر، سلێمانی ، ژمارەی تایبەت بە کۆنفراسی دایک.

**٣. نامەی ئەکادیمی**

١٧-محمد ، هێمن جاسم ، (٢٠١٥)هونەری گێرانەوە لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا (چیرۆکی منداڵان بە نموونە)، کۆلێژی زمان،زانکۆی سەلاحەدین ،هەولێر

١٨-عەبدولوەهاب،عەدنان عەبدوڵلا،(٢٠١٥)،وەرگرتنی زمان لای منداڵ،نامەی ماستەر،کۆلێژی فاکتەلی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی سلێمانی

**٤. سایتی ئینتەرنێت**

١٩-ئالانی ، ڕەئوف محەمەد، (٢٠٢١)،گرینگی چیرۆک لە پرۆسەی پەروەردەدا،سایتی دیبلۆماتیک

http://www.diplomatic.com

٢٠-ئیبراهیم ، پەیام ، (٢٠٢٣) ، ئەدەبی منداڵان و کاریگەری لەسەر پێشەکەوتنی گەلان، سایتی کلتور

http://www.kultur.com.

٢١-حسێن ، ئەیوب سلێمان ، (٢٠٢٣)ڕاپۆرتێک دەربارەی پەروەردە و فێرکردن ، سایتی کوردپیدیا

http://www.kurdi pedia.com

٢٢-ڕابەر ، مستەفا ، (٢٠٠٩) ، بنەماکانی چیرۆک نوسین ، سایتی دەنگەکان

http://www.voices .com

٢٣-شوان ، ڕەزا ، (٢٠١٦) مێژووی ئەدەبی منداڵان ، سایتی مێژووی کورد .

http://www.history of kurd.com

٢٤-شوان،ڕەزا،(٢٠١٧)گرینگی کتێبخانای ماڵەوە لە ڕۆشنبیری منداڵان،سایتی وتاری کوردی.

http://WTARIKURD.com

٢٥-شوان ، ڕەزا ،(٢٠١٦) ، گرینگی پلان و بنەما و ئامادەکردنی پرۆسەی خوێندن، سایتی پی کەی یوو میدیا

htpp://www.pku media.com

٢٦-شوان،ڕەزا،(٢٠٢٢)،خەیال لە ئەدەبی منداڵاندا،سایتی چرا

http://www.chra.com

٢٧-عەبدوڵا، کەمال (٢٠٢١)،سایتی پەیسەر ،کاریگەری چیرۆکی منداڵان لەسەر پەروەردە

https://www.peyserpress.com